بریگت ڤینی

# مێژووی زمانی ئینگلیزی

وەرگێڕانی

پ.ی.د.نەریمان عەبدوللا خۆشناو

م.ڕەوەند سەباح ئەحمەد

چاپی یەکەم / ٢٠١٨

* ناوی کتێب: مێژووی زمانی ئینگلیزی
* نووسینی: بریگت ڤینی
* وەرگێڕانی:پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو و م.ڕەوەند سەباح ئەحمەد
* تایپیێست: وەرگێڕەکان
* دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم ساڵح
* دیزاینی ناوەوە: نەریمان خۆشناو
* نۆرەی چاپ: یەکەم / ٢٠١٨
* شوێنی چاپ: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٣٠٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی بۆ وەرگێڕان پارێزراوە

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر
ژمارە(٤٥٦)

# ناوەڕۆک

١. ئینگلیزی لە ئەمڕۆدا.........................٤
٢. سەرەتاکانی زمانی ئینگلیزی..................٨
٣- زمانی ئینگلیزی کۆن........................١٦
٤- نۆڕمەندییەکان لە ئینگلتەرا....................٣٠
٥- زمانی ئینگلیزی سەردەمی ناوەڕاست.............٣٧
٦- زمانی ئینگلیزی نوێ دەستی پێکرد................٥١
٧- یەکخستنەوەی زمانی ئینگلیزی...................٦٤
٨- زمانی ئینگلیزی نوێ.........................٧٣
٩- زمانی ئینگلیزی ئەمریکی......................٨٢
١٠- هەموو جۆرەکانی زمانی ئینگلیزی..............٩٧
١١. سلانگ...................................١٠٨
١٢. داهاتووی زمانی ئینگلیزی...................١١٤

## ١. ئینگلیزی لە ئەمڕۆدا

زمانی ئینگلیزی لـە وڵاتـانی ئـەوروپا، ئەمـەریکا، ئاسـیا، ئــەفریقا، نیوزلەنــدا و هەنــدێک دوورگــەی ئەتلــەنتیک و هیندستان و زەریای هێمن قسـەی پێدەکرێت. وەک زمـانی یەکەم لەلایەن(٣٢٠ــ٣٧٠) ملیۆن کـەس قسـەی پێدەکرێت. هــەروەها وەک زمــانی دووەم بــە هــەمان ژمــارە قســەی پێـدەکرێت، وەک زمـانی بیـانی لەلایـەن ملیۆنـان خەڵکـەوە قسـەی پێـدەکرێت. زمـانی ئینگلیـزی نزیکـەی یـەک لەسـەر چواری دانیشتوانی گۆی زەوی بەکاری دێنن. لەبەر ئەوەی خـەڵکێکی زۆر لـە زۆر شـوێنەوە قسـەی پێدەکات، بۆیـە بـە زمانێکی جیهانی دادەنرێت.

کـێ زمـانی ئینگلیـزی بـەکار دێنـێ؟ بـۆچی بـەم شـێوەیە بەرفراوانــە قســەی پێــدەکرێت؟ لــە وڵاتــانی بــەریتانیا و ئەمــەریکا، زمــانی ئینگلیــزی بــە زمــانی یــەکــەم دادەنرێـت لەلایەن زۆربەی دانیشتوانەکانیان: لە هەندێک وڵاتـی تـر بـە زمــانی یەکــەم دادەنرێــت بــۆ فێرکردنــی منــداڵان، چونکــە ئاخاوتنیان زۆربەی کات بەم زمانەیە. لـە هەندێک وڵاتـی تــری وەک هیندســتان، نایجیریــا، ســینگاپورە و گینیــا، ژمارەیـەکی بـەرچاو خـەڵک زمـانی ئینگلیـزی وەک زمـانی دووەم بەکاردێنن. لەو وڵاتانە زمانی یەکەمی خۆیان هەیە،

بەڵام لەبەر ئەوەی ئینگلیزی یەکێکە لە زمانە فەرمییەکان، لە بواری پەروەردە و کار و دامودەزگای حکومی و پەخشکردندا بەکاری دێنن. لە کۆتاییدا لە زۆرێک لە وڵاتان زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکان دەگوترێتەوە، بەڵام وەک زمانی فەرمی بەکارنایەت.

جگە لەمانە زمانی ئینگلیزی لە چەندین بواری پەیوەندی نێودەوڵەتی جیاواز بەکاردێت. لە سیاسەت و کار و بازرگانی هەمیشە زمانی ئینگلیزی بەکاردێت. بۆ نموونە لە ڕێکخراوی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، کە ڕێکخراوێک و کۆمەڵەیەکی سیاسییە، لە نۆ وڵات و نەتەوەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا پێکهاتووە، زمانی ئینگلیزی وەک زمانی کار بەکاردێنن. زۆربەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە پزیشکی و زانستییەکان بە زمانی ئینگلیزی دەنووسرێن. زمانی ئینگلیزی، زمانی زۆربەی مۆسیقای پۆپ و فیلمەکانە. لە ئینتەرنێت و زانستی کۆمپیوتەردا زۆر زیاتر لە زمانەکانی تر بەکاردێت. زمانەکانی کۆنترۆڵکردنی هاتوچۆی دەریایی و ئاسمانی، کە بە ( Seaspeak, Airspeak) ناسراون، زمانی ئینگلیزی بەکاردێنن. ژمارەیەکی سنووردار لە وشە و ڕستەی ئینگلیزی

بەکاردێنن، بۆ ئـەوەی پەیوەندیکردنەکە ڕوونتر و ئاسـانتر بێت.

بڵاوبوونـــەوەی زمـــانی ئینگلیـــزی لـــە جیهـــان لەگـــەڵ ئیسـتعمار و داگیرکـاریی بـەریتانیا لـە بـاکووری ئـەفریقا و کـاریبی و ئوسـتڕالیا و ئاسـیا، لـە سـەدەکانی حەڤدەهـەم و هەژدەهـــەم دەســـتی پێکـــرد و تـــاکو ســـەدەی نۆزدەهـــەم بــەردەوام بــوو، کاتێــک وڵاتــی بــەریتانیا چەنــد بەشــێکی کیشـوەری ئـەفریقا و باشـووری زەریـای هێمنـی داگیرکـرد. زمـــانی ئینگلیـــزی وەک زمـــانێکی گرنگـــی نێودەوڵـــەتی بەدەرکەوت، چونکە لە سەدەی ناوەڕاست، وڵاتـی بـەریتانیا وەک یــەکێک لــە وڵاتــانی پێشــەنگ لــە پیشەســازی هاتــە پێشــەوە. زۆربــەی داهێنانــەکانی پیشەســازی لــە وڵاتــی بەریتانیا سەریان هەڵدا، بۆیە فێربوونی ئەو داهێنانە نوێیانە بە زمانی ئینگلیزی پێویست بوو.

لە سەدەی بیستەم بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی لەگەڵ گەشـەسـەندنی کـار و بازرگـانی نێودەوڵـەتی بڵاوبـووەوە. هەربۆیـــە لەبـــەر پتـــەوبوون و بـــەهێزبوونی ئـــابووری ئەمەریکا، ویستی کارکردن و بازرگانیکردن لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان گەشەی سـەند، بۆیـە بـە ئەنجامگەیاندنی ئـەم کــارە، پێویســت بــوو زمــانی ئینگلیــزی فێــربن. ئەمــە جگــە

لەوەی، کە گەشتی ئاسمانی گەشەی سەند، کار و بازرگانی نێودەوڵەتی هەلی زیاتری هاتە پێش، ڕێگای خێرای پەیوەندی نێودەوڵەتی وەک تەلەفۆن و فاکس و کۆمپیوتەر، زۆر بەشێوەیەکی فراوانتر بەکارهێنرا. کاتێک کۆمپانیا و ڕێکخراوە فرەنەتەوەییەکان گەشەیان سەند، زمانی ئینگلیزی وەک زمانی کار هەڵبژێردرا. بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی لە بانکی ناوەندیی ئەورووپی وەک زمانی کار هەڵبژێردرا، هەرچەندە بارەگای ئەم بانکە لە ئەڵمانیایە. ئەمە جگە لەوەی کار و بازرگانی لەڕێگەی ئینتەرنێت، وەک کاری بانککردن و ڕێکخستنی گەشت، بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە ئەنجام دەدرێت.

بەڵام ئایا یەکەم ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزی کێن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، لە بەشی داهاتوو، باس لە سەرەتاکانی مێژووی زمانی ئینگلیزی دەکەین.

### ٢. سەرەتاکانی زمانی ئینگلیزی

تێگەیشتنمان بۆ مێژووی زمانی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، کاتێک سێر ولیەم جۆنس، وەک دادوەرێکی بەریتانی لە وڵاتی هیندستان دەژیا، دەستی بە لێکۆڵینەوەی زمانی سانسکریتی کرد. زمانی سانسکریتی زمانێکی کۆنی هیندستانە، کاتی خۆی لە بواری یاسا لە هیندستان کاری پێدەکرا. ولیەم جۆنس وەک کەسانی پێش خۆی تێبینی زۆری لێکچوونی کرد بوو لە نێوان زمانی سانسکریتی و زمانی لاتینی و یۆنانی و زمانەکانی تری ئەوروپا، ئەمە تەواو لەم نمونانەی خوارەوە بەرچاو دەکەوێت:

| ئینگلیزی | یۆنانی | لاتینی | سانسکریتی |
|---|---|---|---|
| father | Pater | pater | Pitr |
| mother | Matr | mater | matar |
| brother | Phrater | frater | bhrar |
| is | Esti | est | Asti |
| three | Treis | tres | trayah |
| seven | Hepta | septem | sapta |
| eight | Okto | octo | ashta |

خـــەڵکانێک وایـــان دەزانـــی، زمـــانی لاتینـــی و یۆنـــانی و هـــەموو زمانـــە ئەوروپییـــەکان لـــە زمـــانی سانســـکریتییەوە ســـەرچاوەیان گرتـــووە، بـــەڵام ولیـــەم جـــۆنس دژی ئـــەم بۆچوونـە بـوو. ئـەو بـاوەڕی وابـوو، زمـانی سانسـکریتی و لاتینـی و یۆنـانی لـە سـەرچاوەیەکی گشـتی سـەرچاوەیان گرتووە، ئەگەری هەیە ئـەم سـەرچاوەیەش لـەناوچووبێت و نـەمابێت. بیروبۆچوونـەکانی بوونـە جێگـەی بایـەخێکی زۆر، بەهۆیەوە خەڵکانێکی تر هەڵسـان بـە لێکۆڵینـەوەی ئـەو سـێ زمانـە. کارەکانیـان بـوو بـە پاڵپشـتییەک بـۆ بۆچوونـەکانی ولیـــەم جـــۆنس. ئێســـتا ئێمـــە ئـــەوە دەزانـــین، کـــە زمـــانی سانســـکریتی و یۆنـــانی و لاتینـــی و ئینگلیـــزی و چەنـــدین زمانی تر، هەموویان دەگەڕێنەوە سـەر یـەک خێزانـی زمـان و پێـــی دەگوترێـــت خێزانـــی زمـــانی هینـــدۆ - ئـــەوروپی (Indo-European family).

ئـەو زمانـە گشـتییەی، کـە ئـەم هـەموو زمانـەی تێـدا گەشەی کردووە، ئێسـتا بـە زمـانی **پرۆتـۆ هینـدۆ ئـەوروپی** (Proto-Indo European) ناسراوە. لەو باوەڕەدان، کـە کەسانێک ناسراون بە **کورگان** (Kurgan) بەم زمانـە، یـان بە دیالێکتەکانی ئەم زمانە قسەیان کردبێت. شارەزایان لـەو باوەڕەدان، کە ئەم کۆمەڵەیە ئێستا لە باشووری ڕووسیادا

ژیا بن، لە دوای (٥٠٠٠) ساڵ پێش زایینی. لە دەوروبەری ساڵانی(٣٥٠٠) پێش زایینی کوڕگانەکان لە ڕۆژئاوا بەرەو ئەوروپا ڕۆیشتن، لە ڕۆژهەڵات بەرەو ئاسیا ڕۆیشتن. هەتا ئەم کۆمەڵە کوڕگانە زیاتر لەیەکتر دوور دەکەوتنەوە، جیاوازی زیاتر دەکەویتە نێو زمان و دیالێکتەکانیان. بە تێپەڕبوونی کات، ئەو دیالێکت و شێوەزارانە بوون بە زمانی جیاواز. کاتێکیش هەندێکیان(وەک زمانی یۆنانی و ئەنادۆڵی و هیندۆ ئێرانییەکان) شێوە و سیستەمی ڕێنووسی تایبەت بە خۆیان لە دەوروبەری ساڵانی (٢٠٠٠) تا (١٠٠٠) پێش زایینی دامەزراند، بە زمانی جیاواز دەرکەوتن.




**زمانە سەرەکییەکانی هیندۆ ئەوروپی**

لـه ئـەنجامی لێکۆڵینـەوەی ئـەو زمانانـەی، کـە ئـەمڕۆ قسـەیان پێـدەکرێت، دەکرێـت هەنـدێک لێکچـوون تێبینـی بکرێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە ئەو زمانانە لـە زمـانی پرۆتۆ هیندۆ ئەوروپییەوە سەرچاوەیان گرتووە. بۆ نموونـە لێکچوونێکی زۆر لەنێوان زمانە ئەوروپیەکان و زمانە هیندۆ ئێرانییـەکان بەدیـدەکرێت، بەتایبـەتی ئـەو وشـانەی، کـە پەیوەستن بە ئەندامانی خێزان (mother, father)، ئـاژەڵ (dog, sheep, horse)، بەشـەکانی جەستە (eye, ear)، ئاووهـەوا (rain, snow)، ئـامێر و ئامرازەکـان و چـەک. بەهۆی ئەو وشانە و چەند کۆمەڵـە وشـەیەکی تـر، دەتـوانین بیـر لـە شـێوەی زمـان و ژیـانی کوڕگانـەکان بکەینـەوە، تاڕادەیـەک ئـەوان پشـتیان بـە کشـتوکاڵ بەسـتووە، بـۆ پۆشـاکیش پشـتیان بـە خـوری بەسـتووە، و خولخولـە و پێچکەشیان بەکارهێناوە.

زیـاتر لـە (٢٠٠٠) ملیـۆن کـەس، نزیکـەی نیـوەی مرۆڤایـەتی بـە زمـانی هینـدۆ ئـەوروپی قسـە دەکـەن. ئـاخێوەرانی زمـانی هینـدی لـە هیندسـتان، ئـاخێوەرانی پرتوگالی لە بەرازیل، و ئاخێوەرانی ئینگلیزی لـە ئوسـتڕالیا، بە زمانی هیندۆ ئەوروپی قسە دەکەن.

کـەڵتییـەکان یـان سـەڵتییـەکان، یەکـەم گروپـی هینـدۆ ئـەوروپی بـوون، کـە پەڕینـەوە ئـەوروپا. لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی پێنجـەمی پـێش زایینـی بـەرەو بـاکووری چیاکـانی ئـەلّپ لـە ئـەورووپای ناوەڕاسـت بڵاوبوونـەوە. کـەڵتییـەکان گەیشـتنە دەریـای ڕەش و باشـووری ڕۆژئـاوای ئیسـپانیا و ناوەڕاسـتی ئیتالّیـا و تـەواوی بـەریتانیا و ئیرلەنـدا. لــە ئـەنجامی بڵاوبوونـەوەیان، چەنـد دیـالێکتێکی جیـاواز لـە زمانەکەیان سـەریهەڵدا. ئـەو کۆمەڵەیـەی، کە لـە باشـووری ئینگلتەرا و وێڵز نیشتەجێبوون، بە جۆرێک لە زمانی کـەڵتی قســەیان دەکــرد، زمانەکــەیان بــە زمــانی **بریتــۆنی** (Brythonic) ناسـرا، ئەوانـەی لـە سـکۆتلەندا و ئیرلەنـدا نیشتەجێبوون،زمانەکەیان بە زمانی **گۆیدێلیک** (Goidelic) یان **گایلیک** (Gaelic) ناسرا.

بەداخەوە بۆ ئەو کەڵتییانەی لە بـەریتانیا نیشـتەجێبوون، کەسـانێک دەیانـەویسـت سـوود لـە سـامانی سروشـتی و کشـتوکاڵ و کـانزای بـەریتانیا ببینن. لـە سـاڵی (٤٣) پـاش زایینــی ڕۆمانــەکان دەســتیان بەســەر بــەریتانیا داگــرت. ڕۆمـەکان نزیکـەی چوارسـەد سـاڵ لـەوێ مانـەوە، زۆربـەی زۆری ئینگلتــەرای ئێســتایان کەوتــە ژێردەســت. ئەوانــە شـێوەی ژیـانێکی نـوێ و زمـانێکی نوێیـان ناسـاند. کـەڵتییـە

بەریتانییەکان لە چینی سەرەوە و شارۆچکەکان بە یاسا و شەقام و شارەکان ڕاهاتن. هەندێکیان فێری نووسین و قسەکردن بە زمانی لاتینی بوون.

هەرچەندە لە ناوەڕاستی سەدەی **سێیەمی** پاش زایینی، ڕۆمانەکان تا دەهات لاوازتر دەبوون، کاتێک خێڵە ئەڵمانییەکان لە باکووری ئەوروپا هێرشیان دەکردە سەر خاکی ڕۆمانەکان. ئەوەبوو لە ساڵی (٤١٠)ی پاش زایینی ڕۆمانەکان وڵاتی بەریتانیایان بەجێهێشت، زۆر نارێک و پەرتەوازە بوون، هیچیتر سوپای ڕۆمانەکان نەیدەتوانی بەرگری بکات، بۆیە وڵاتەکە بە ئاسانی دەستی بەسەردا گیرا.

لە ناوەڕاستی سەدەی **پێنجەمی** پاش زایینی، خێڵ و عەشیرەتەکانی ساکسۆن و ئەنجلس و جیوتیس، لە ئەڵمانیا و دانیمارک گەیشتنە باشوور و ڕۆژهەڵاتی بەریتانیا. ئەو هۆزانە کەڵتییە بەریتانییەکانیان دەرکرد و بۆ باکوور و ڕۆژئاوای بەریتانیا بڵاوەیان پێکردن. دواتر ئەو هۆزانە بە هێواشی خۆیان لە شەش شانشین ڕێکخست، ئەو شوێنەش ئەمڕۆ پێی دەگوترێت ئینگلتەرا و باشووری ڕۆژهەڵاتی سکۆتلەندا، زۆربەی زۆری ئەو داگیرکەرانە بەو دیالێکتانە قسەیان دەکرد پێی دەگوترا **ئینگلیش** (Englisc). ئەوان بە

کەڵتییــە بەریتانییــەکانیان دەگــوت **وەیــلاس** (Wealas)، واتە بیانی یان بێگانە، وشـەی **وێلش** (Welsh) لـە ئەمـەوە هاتووە.

لە کۆتایی سەدەی **پێنجەم**، لەگەڵ هاتنی خەڵکێکی زۆری هـۆزەکانی **ئـەنگلۆ ـ ساکسـۆن** و مانـەوەیان لـەوێ، زمـانی ئینگلیزی دەستی بە گەشەکردن کرد.

### ٣- زمانی ئینگلیزی کۆن

ئەو دیالێکتانەی لەلایەن هۆزەکانی ئەنگلۆ ـ ساکسۆنەوە قسەی پێدەکرا، بە زمانی ئینگلیزی کۆن ناسراون. ئەو زمانەش لە ئینگلتەرا قسەی پێدەکرا، لە گەیشتنی ئەنگلۆ ـ ساکسۆنەکانەوە، لە کۆتایی سەدەی **پێنجەمەوە** تاکو داگیرکاری نۆرمەندەکان لە ساڵی (١٠٦٦).




چوار دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی ئینگلیزی کۆن

چـوار دیـالێکتی سـەرەکی لـە زمـانی ئینگلیـزی کۆنـدا هەبوون، وەک: **وێست ساکسۆن و کێنتیش و مێرسیان و نۆرسەمبێریان.** ئەم نەخشەیە، ئەو هەرێمانە نیشاندەدات، کـە ئـەو دیالێکتانـەی تێـدا قسـەپێکـراوە. دیالێکتـەکان جیاوازییـەکی کـەمیان لـە ڕێزمـان و وشـە و خوێندنـەوەدا هەبووە.

زمانی ئینگلیزی کۆن، تاڕادەیەکی زۆر زمانێکی جێرمانی بووە. دیالێکتەکانی وشەی کەڵتی زۆر کەمی تێدا بووە. ئەمەش واتای ئەوەیە، هۆزی ئەنگلۆ ـ ساکسۆن بە ژمارە و هێزێکـی زۆر هاتوونەتـە بـەریتانیا. هەرچەنـدە هەنـدێک وشـەی کـەڵتییـان لـە لادێیـەکانـەوە وەرگرتـووە، بۆ نموونـە وشەی (crag) و (tor)، واتا شـاخێکی بـەرز (a high rock). نـاوی هەنـدێک شـاری ئینگلیـزی، شـاری لەنـدەن و لیـدز، وشەی کەڵتین. هـەروەها وشـەی (dubris) بە واتـای ئـاو (water)، گـۆڕاوە بـۆ دۆڤـەر (Dover). وشـەی کـەڵتی جیـاواز بـۆ ڕووبـار (river) و ئـاو (water) لـە وشـەکانی (Avon) و (Esk) و (Ouse) بـەرچاو دەکـەوێت. نـاوی ڕووبـاری (Thames) کـەڵتییـە، واتـا ڕووبـاری ڕەش (dark river).

لـه سـالّی (٥٩٧) **قەشـە ئۆگەسـتین** و کۆمـەڵێک پیـاوی ئایینی لە ڕۆماوە هاتبوون، گەیشتنە کێنت، بۆ ئەوەی ئایینی مەسیحی بە ئەنگلۆ ـ ساکسۆنەکان ڕابگەیەنن. پێشوازییەکی گـەرمیان لەلایـەن **پاشـا ئـایزلبێرت** و **شـاژن بێرسـا** لـە کـانتربێری لێکـرا. ئـایینی مەسـیحی بـەهێواشـی و ئاشـتی لەسەرتاسـەری ئینگلتـەرا بڵاوبـووەوە. پیـاوانی ئـایینی کلّێسـایان دروسـتکرد، وانـەی ئـەدەب و زانسـت و ئـایینی مەسیحییان تێدا دەگوتەوە.



**قەشە ئۆگەستین چاوی بە پاشا ئایزلبێرت دەکەوێت**

لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، ئەنگلۆ ـ ساکسۆنەکان چەندین وشەی لاتینییان لە ڕۆمانە مەسیحییەکانەوە وەرگرت: نزیکەی (٤٥٠) وشە لە ئەدەبی کۆنی ئینگلیزی بەرچاو دەکەوێت. هەندێکیان پەیوەستن بە کڵێسا و پەروەردە، بۆ نموونە وشەی munuc (monk) و وشەی scol (school). چەندین وشەی تر بۆ کەلوپەلی ناو ماڵ، وەک fenester(window) و cest (chest). جگە لەمانە هەندێک کاری تریش، لە لاتینییەوە وەرگیراون، بۆ نموونە وشەی (spendan) بە واتای (to spend) و (sealtian) بە واتای (to dance)، و (tyrnan) بە واتای (to turn) دێت.

لە سەرەتادا پیاوانی ئایینی تەنیا بە زمانی لاتینی دەیاننووسی، بەڵام پاشان بە زمانی ئینگلیزی کۆن نووسییان. ئەمەش کارێکی نائاسایی بوو، چونکە نەتەوەکانی تر لە وڵاتانی باکووری ئەوروپا بە زمانی خۆیان نەدەنووسی. فێربوون لەنێو ئەنگلۆساکسۆنەکان بڵاوبووەوە و گەشەی کرد، تا لە سەدەی هەشتەم ئینگلتەرا بووە ناوەندێکی فێرکردن لە ڕۆژئاوای ئەوروپا.

مەزنترین پارچەی وێژە و ئەدەب لە ئینگلیزی کۆندا، بریتییە لە (Beowulf)، کە ئەگەری هەیە لە ناوەڕاستی

سەدەی هەشتەم نووسرا بێت. هەرچەندە لە ڕاستیدا تا نزیکەی (٢٥٠) ساڵ دواتر نەنووسراوەتەوە. ئەم پارچە ئەدەبییە لە (٣٠٠٠) دێری درێژ پێکدێت، باس لە چیرۆکی پیاوێکی قارەمان دەکات لە ئەسکەندەناڤیا، کە بە **بیۆلف** (Beowulf) ناسراوە. بیۆلف شەڕ لەگەڵ ئاژەڵێکی دڕندە دەکات، بە **گرێندل**(Grendel) ناسراوە و دەیکوژێت. پاشان دایکی گرێندل دەکوژێت. ئەم پارچە وێژەیە، هۆنراوەیەکە، باس لە ژیان و مردن و قارەمانی و هەرەس و شەڕ و ئاشتی دەکات. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لەو چیرۆکەی باس لە قارەمانی بیۆلف و دڕندەیی گرێندل دەکات:



**لاپەڕەیەک لە شاکاری بیۆلف**

هەرچەنــدە نزیکــەی هەشــتاوپێنج لــە ســەدای وشــە کۆنەکانی زمانی کۆنی ئینگلیزی  لە زمانی مۆدێرن و نوێ ئینگلیزی  بە وشەی لاتینی و یۆنـانی ئـاڵوگۆڕ کراون، ئـەو سـەد وشـە گشـتییەی زمـانی نـوێ هـەمووی لـەو زمانـەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم وشە کۆنانە بۆ شت و بیرۆکـەی سەرەتایی بەکاردێن:

**mann (person), wif(wife), cild(child), hús(house), mete(food), drincan(drink), etan (eat), slæpan( sleep), æfter( after), and, we, on, is, and many, more.**

وەک هــەر زمــانێکی هینــدۆ ئــەوروپی، زمــانی ئینگلیــزی کــۆن بــەهۆی لێکــدانی وشــە کۆنەکانــەوە، وشــەی نــوێی بەرهــەم هێنــاوە. بــۆ نموونــە: (heáhbeorg(high hill واتـای چیا بووە، وشـەی (bÓccræft(book-skill واتـای ئـەدەب بـووە. شـاعیرەکان وشـەکانیان لێکداوە بـۆ جـوانی وەسفکردن، بۆ نموونە بـۆ جوانی جەستە وشـەی (-bone house)یــان بــەکارهێناوە، بــۆ جــوانی دەریــا وشــەی (water's back)یان داهێناوە.

جگە لەمە زمانی کۆن لەڕێگـەی زیـادکردنی پیت لـەپێش و پاشــی وشــەی ســەرەکی، وشــەی نــوێی داهێنــاوە. بــۆ

نموونە: وشەی (gán):واتا (to go)، وشەی (ingán):واتا (to go in)، وشەی (tÓgán): واتا (to go into)، وشەی (upgán): واتا (to go up)، وشەی (utgán): واتا (to go out). وشەی blÓd (blood) بووە بە (blÓdig)، واتا (bloody)، وشەی (blind) بووە بە (blindice)، واتا (blindly).

لە ڕووی ڕستەسازییەوە، ڕیزبەندی وشە زۆر جیاواز بوو لەو ڕیزبەندییەی زمانی ئێستا بەکاردێت. لە زمانی ئێستادا ڕستەی (the girl helped the boy) لەگەڵ (the boy helped the girl)، واتایان جیاوازە، بەهۆی ڕیزبەندی وشەکانەوە. کەچی لە زمانی کۆن واتاکان بەهۆی پاشگرەکانەوە بووە.

ناوەکان بەهۆی گۆڕینی پاشگرەکانیان دەگۆڕدران بۆ ناوێکی کۆ. بۆ نموونە: (guma)، واتە (man )، بووە بە (guman)، و (stán) واتا (stone) بووە بە (stánes)، ناو سێ جێندەری هەبوو، ئاوەڵناو و ئامرازەکان بەپێی جێندەری ناو دەگۆڕدران، هەرچەندە زۆر لە پاشگرەکان لە بەکارهێناندا گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە، بۆ نموونە هەشت شێوە جۆراوجۆرەکەی وشەی (sunne)، واتە (sun) ڕۆژ، پێنج پاشگری وەکو یەکن.

لـــە زمـــانی کـــۆن جێنـــاوە کەســـییەکان  ژمارەیـــان لـــە جێناوەکـــانی ئێســـتا زیـــاتر بـــوو. بـــۆ نموونـــە hine: واتـــە(him)، him: واتـــە (to him)، (hÍ): واتـــە (her)، (hire): واتە (to her). وشەی (him) واتای ( to it, to them)یشـی دەگەیانـد. سـەرەڕای ئەمانـە، چەنـد جێناوێـک هـەبوون، وەک (wit) بـە واتـای (we two)، یـان (git) بـە واتای (you two ) دەهات.

پاشـــگری کارەکـــانیش گۆڕانکاریـــان بەســـەردا هـــات. شێوەی ڕابوردووی زۆربەی کارەکان، وەک ئێسـتا بـەهۆی زیـادکردنی پاشـگری (ed-) بـووە. لـە زمـانی کـۆن کـارە نایاسایی و شازەکان ژمارەیان زیاتر بوو.

کاریگەرییـەکی تـری مـەزن، کـە کرایـەی سـەر زمـان بـەهۆی داگیرکـاری **ڤایکینگەکانـەوە**(Vikings) بـوو، کـە ئەنگلۆساکسـۆنەکان پێیـان دەگـوتن **ڤایکینـگ** یـان **دانـیس**. ئـــەوان کۆمەڵەیـــەک بـــوون لـــە دانیمـــارک و نەرویجـــەوە هاتبوون. پاشان لە ساڵی **(٧٨٧)** چەندین  هێرشی کورتیان کردە سەر ئینگلیزەکان. لـە سـاڵی **(٨٥٠)** هێزێکی گـەورەی ڤایکینگـــەکان شـــاری لەنـــدەن و کانتـــەربێلی و زۆربـــەی ڕۆژهـەڵاتی ئینگلتـەرایان داگیرکـرد. شـەڕ تـا سـاڵی **(٨٧٨)** بـــەردەوام بـــوو، کاتێـــک **پاشـــا ئەلفرێـــد (پاشـــای**

**ئەنگلۆساکسۆنی وەسێکس)**، لە شەڕێکی گرنگدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. بەم شێوەیە توانی ڕێککەوتن لەگەڵ ڤایکینگەکان بکات، بۆ دابەشکردنی ئینگلتەرا بۆ دوو بەش، بەشی باکوور و ڕۆژهەڵات، کە بە دانیلۆ ناسراو بوو، بدرێت بە ڤایکینگەکان، بەشەکەی تر بۆ ئینگلیزەکان بێت، لەژێر دەسەڵاتی پاشا ئەلفرێد.




**گەوهەری ئەلفرێد: ئەگەری ئەوە هەیە ئەم پارچە گەوهەرە بۆ خوێندنەوەی دێرەکانی پەرتووک بەکارهاتبێت**

پاشـا ئەلفرێـد دەیویسـت ناوەنـدەکانی فێرکـردن، کـە لـەناوچووبوون، بگەڕێنێتـەوە. بـۆ ئـەوەی ئـەم کـارە بکـات، بڕیاریدا زمـانی ئینگلیـزی نـەوەک زمـانی لاتینی، لـە بـواری پـەروەردە و ئـەدەب بـەکاربهێنرێت. بۆیـە لـە تەمـەنی چـل ساڵیدا خۆی فێری زمانی لاتینی کرد، چەندین پەڕتووکی بۆ سـەر زمـانی ئینگلیـزی وەرگێـڕا. مێـژووی ئینگلتـەرای بـە زمـانی ئینگلیـزی نووسـییەوە، بـە نـاوی (The Anglo-Saxon Chronicle) **(تۆماری مێژوویی ئەنگلۆ ساکسۆنی)**، ئەم پەرتووکە کۆمەڵێک یادگاریی و ڕووداوی لـەخۆدەگرت، کە لـەلایـەن پیـاوانی ئایینی، لـە بەشـە جیاجیاکانی وڵاتـەوە نووســرابوون. پەڕتووکەکــە لــە ســاڵی یەکــەمی دوای زایینییەوە دەستپێدەکات، واتە لەگەڵ لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا. بە یەکەم پەرتووک لە ڕۆژئاوای ئەوروپا دادەنرێت.

لە دانیلۆ، ڤایکینگەکان و ئینگلیزەکان دەیانتوانی لە یەکتر بگەن، چونکە زمانەکانیان زۆر لەیەکتر نزیک بوون. یـەکێک لــە کاریگەرییــەکان بــەهۆی ئــەوەبوو، کــە زمــانی کـۆنی ئینگلیزی زۆر سادەتر ببوو. زمانی کۆنی ئینگلیزی و زمانی ئەسکەندەناڤی کۆن (زمانی ڤایکینگەکان)، چەندین جیاوازی لە پاشگرەکانەوە هەبوو، کە ئەمەش بۆ فێربوونیان کارێکی زەحمەت بـوو، بۆیـە پاشـگرەکان لابـران و نـەمان. پاشـگری

کۆکرنـــەوە زۆر ســـادەتر بـــوو، کاتێـــک پیتـــی (s-)ی کـــۆ بەشـــێوەیەکی گشـــتی بـــەکارهات، و زۆر لـــە کارەکـــان، کـــە لەڕێگـــەی گـــۆڕینی بزوێنـــەکان بـــۆ ڕابـــوردوو دەگـــۆڕدرِان، گۆڕانیـــان بەســـەردا هـــات و لـــەڕێگـــەی زیـــادکردنی پاشـــگری (ed-) دەکرانە ڕابوردوو.

هۆکارێکی تر بریتی بوو لەوەی، کە زۆر وشە لە زمـانی ئەســکەندەنـاڤی کـۆن، هاتنــە نـاو زمـانی کـۆنی ئینگلیـزی. هەنـدێک وشــەی ئەســکەندەنــاڤی کــۆن لــەجیاتی وشــەی ئینگلیـزی بـەکارهاتن. بـۆ نموونـە وشـەی (syster)، کـە وشـەیەکی ئەسـکەندەنـاڤی کۆنـە، لـەجیاتی وشـەی کـۆنی ئینگلیزی (sweostor) بـەکارهات، ئێستا بووە بە وشـەی (sister). هەنـدێکجار وشــەی هــەردوو زمــان بــۆ هــەمان شت، یان هەمان بیرۆکە بەکارهاتوون، وەک وشـەی کۆنی ئینگلیـزی(wish) لەگــەڵ وشــەی کــۆنی ئەســکەندەنــاڤی (want)، یان وشەی کۆنی ئینگلیزی (sick) لەگەڵ وشـەی کۆنی ئەسکەندناڤی (ill). هەندێکجار وشەی ئەسکەندەناڤی کۆن لە دیالێکتێک ماوەتەوە، بۆ نموونـە وشـەی (kirk)، کـە سـکۆتلەندییەکان لـەجیاتی وشـەی (church) بەکاریـدێنن. نزیکەی نۆسەد وشە لە زمانی کۆنی ئەسکەندەناڤی، زمـانی کـۆنی ئینگلیـزی پێکـدەهێنا و بـوون بـە بەشـێک لـەو زمانـە.

زۆر لـەو وشـانەی نـوێی ئینگلیـزی پێکـدێنن، کـە بـە (sk-) دەسـتپێدەکەن، وەک (skin, skirt, sky). وشـەی تـریش وەک:

(bag, cake, die, egg, get, give, husband, leg, neck, same, take, window).

ئەو وشە ئاساییانە ئەوە دەردەخەن، کە ئاخێوەری دوو زمان، ژیانێکی هاوبەشیان پێکەوە گوزەر کردووە. وشـەی (are)ی ئەسـکەندەناڤی لـەجیاتی وشـەی کـۆنی زمـانی ئینگلیزی (sindon) بەکاردەهات. لە زمانی ئەسکەندەناڤی پاشگری کار (s-) بۆ کەسی سێیەمی تاک لە ڕانەبردووی سادە، لـە زمـانی ئینگلیـزی شـان بـە شـانی پاشـگری (th-) کـار لـە زمـانی کـۆنی ئینگلیـزی بەتایبـەتی لـە دیالێکتـەکانی باکوور بەکاردەهات. هەروەها وشـەی (they, their, them) لـەجیاتی وشـەی کـۆنی ئینگلیـزی (hi, hire, hem) بەکاردەهاتن.

ڤایکینگـەکان پاشـماوەیان لەسـەر چەنـد نـاوێکی شـوێنی مـۆدێرنیش هـەبووە. زیـاتر لـە (١٥٠٠) شـوێن لـە بـاکووری ئینگلتـەرا پاشـماوەی نـاوی ئەسـکەندەناڤیان پێـوە دیـارە. زیاتر لە شەشسەد ناو بە (by-) کۆتاییان دێت، کـە واتـای کێڵگە دێت، یان شارۆچکە، وەک نـاوی (whitby). هەنـدێک

ناوی تریش کۆتاییان بە ((thorp(e-) دێت، کە واتای لادێیەکی بچووک دێت، یان (toft-)، بە واتای پارچە زەوی، وەک لە وشەی (Scunthorp, Blacktoft).

داگیرکاریی لەلایەن ڤایکینگەکان و شەڕکردنیان لەگەڵ ئینگلیزەکان تا سەدەی دەیەم بەردەوام بوو. لە ساڵی (١٠١٦) تا(١٠٤١) چەند پاشایەکی دانیمارکی، ئینگلتەرایان بەڕێوە دەبرد، کە لەلایەن پاشایەکی ئینگلیزەوە سەرپەرشتی دەکران. کاتێک **(ئیدوارد)** لە مانگی یەکەمی ساڵی (١٠٦٦) کۆچی کرد، یەکێک لە خزمەکانی بە ناوی **(هارۆلد)** بە پاشا هەڵبژێردرا، هەرچەندە خزمێکی دووری **(ئیدوارد)** بوو بە هەڕەشە بۆ سەر **(هارۆلد)**، کە کەسێکی فەڕەنسی بوو و ناوی **(ویلیامی نۆرمەندی)**، بە هێزێکی زەبەلاحەوە بڕیاریدا ئینگلتەرا داگیر بکات.

## ٤- نۆڕمەندییەکان لە ئینگلتەرا




**شەڕی هاستینگ**

لە شەڕی **(هاستینگ)** لە (١٤)ی ئۆکتۆبەری **(١٠٦٦)**، نۆڕمەندییەکان پاشا هارۆلدییان کوشت و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. ئەمە بە سەرەتای داگیرکاریی نۆڕمەندییەکان دادەنرێت، ئەوە ڕووداوێک بوو، بە تەواوی مێژووی زمانی

ئینگلیزی گۆڕی. لە ساڵی (١٠٦٦) لە ڕۆژی کریسمسدا، **(ویلیەمی نۆڕمەندی)** لە شاری (لەندەن) بە پاشای ئینگلتەرا دانرا، لە ماوەی چوار ساڵدا، تەواوی ئینگلتەرا و وێڵزی داگیرکرد. چەندین قەڵای گرنگ و گەورەی دروستکرد، کە بەهۆیەوە سەربازەکانی کۆنترۆڵی شار و دێهاتەکانیان کرد. دەستی بەسەر چەندین پارچە زەوی گەورە لە خانەوادە دەوڵەمەندە ئینگلیزەکاندا دەگرت و، دەیدا بە لایەنگیرانی خۆی. هەریەک لەوانیش خاوەنی چەندین سەرباز بوون و ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە زەوییان دابەش دەکردە سەر کەسانی تر، بۆ ئەوەی هەر خانەوادەیەکی نۆڕمەندی لە لادێیەک هەبێت. بەرپرسانی نۆڕمەندی شوێنی بەرپرسانی ئینگلیزییان گرتەوە و شوێنە گرنگەکانیان لە کلێساکان داگیرکرد.

پاش ئەمانە زمانی نۆڕمەندی فەڕەنسی ڕاستەوخۆ بوو بە زمانی چینی حکومڕانی، بەم شێوەیە تا نزیکەی دووسەد ساڵی تر مایەوە. زمانی فەڕەنسی و لاتینی لە دامودەزگاکانی حکومەت و کلێسا و یاسا و ئەدەبدا بەکاردەهات.زمانی ئینگلیزی تاڕادەیەکی زۆر کەم بەکاردەهات، تەنیا پیاوانی ئایینی نەبێت، کە ڕووداوە مێژووییەکانی ئەنگلۆساکسۆن و ئینگلیزەکانیان بە زمانی

ئینگلیزی دەنووسییەوە، ئەمەش تا ساڵی (١١٥٤) درێژەی کێشا.




**لاپەڕەیەک لە تۆماری ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی ئەنگلۆ ـ ساکسۆن**

تا سەدەی **دوازدەهەم** بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسی لە ئینگلتەرا بەردەوام بوو، ئەمەش تارادەیەک هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، زۆرێک لە پاشا نۆڕمەندییەکان و خاوەن موڵکەکان، هەم لە نۆڕمەند و فەڕەنسا زەوییان هەبوو، هەمیش هەندێکجار کاتیان لەوێ بەسەردەبرد. زمانی فەڕەنسیش سنووردار نەبوو، تەنیا خەڵکی فەڕەنسی و نۆڕمەندی قسەی پێبکەن، بەڵکو ئینگلیزەکانیش دەیانویست لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەرز ببنەوە و زمانی فەڕەنسی فێربن.

هەرچەندە زمانی ئینگلیزی بەهێواشی گەشەی دەکردەوە و بەفراوانی بەکاردەهات، هاوسەرگیریی نێوان ئینگلیزەکان و نۆڕمەندییەکان ببوو بە دیاردەیەکی ئاسایی، منداڵانی ئەو تازە هاوسەرانەش، وەک زمانی یەکەم، زۆرجار لەجیاتی زمانی فەڕەنسی، بە زمانی ئینگلیزی قسەیان دەکرد. لە ساڵی **(١١٧٧)** یەکێک لە نووسەرەکانی ئینگلیز ڕایگەیاند، کە ئەو دوو نەتەوەیە ئەوەندە تێکەڵ بە یەکتر بووینە، زۆر ئەستەمە ئینگلیز و نۆڕمەندەکان لێکجیابکەیەوە.

لە سەدەی **سێزدەدا** پێگەی هەردوو زمان لە ئینگلتەرا گۆڕانی بەسەردا هات. لە ساڵی(١٢٠٤) **(پاشا جۆن)**

دەسەڵاتی بەسەر نۆڕمەند نەما و پاشای فەڕەنسا دەستی بەسەرداگرت. لە ماوەی پەنجا ساڵی دواتر، هەموو خاوەن موڵکە نۆڕمەندییەکان، زەوییەکانیان بە فەڕەنسادا. ڕێکەوتنەکانیان لەگەڵ فەڕەنسا شلۆقتر دەبوو، هەستی ناکۆکی نێوان ئینگلتەرا و فەڕەنسا زیاتر گەشەی کرد.

چینی سەرەوە بەردەوام، وەک زمانی دووەم بە زمانی فەڕەنسی قسەیان دەکرد، زمانی فەڕەنسی هەتا ئەوکاتیش لە دامودەزگای میری و یاسا و شوێنە گشتییەکان بەکاردەهات. هەرچەندە زمانی فەڕەنسی تا دەهات پێگە و گرنگی کۆمەڵایەتی خۆی لە ئینگلتەرا لەدەستدەدا، ئەمەش بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە زمانی فەڕەنسی نۆڕمەندییەکان، کە لە ئینگلتەرا قسەی پێدەکرا، بە زمانێکی پاراو دانەدەنرا لەلایەن ئاخێوەرە پاریسییەکان لە فەڕەنسا. بۆیە چینی بەرز و سەرەوەش لە کۆمەڵگەدا شانازییان زیاتر بەوە دەکرد، کە لەمەودوا بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەن، نەک فەڕەنسی.

ئەو ناکۆکییەی نێوان فەڕەنسا و ئینگلتەرا بووە هۆی بەرپابوونی شەڕێکی سەد ساڵە (١٣٣٧-١٤٥٣)، لەم ماوەیەدا هەستی نەتەوایەتی بەرزبووەوە، زمانی

ئینگلیزیش وەک بەشێکی دانەبڕاو و بوون بە ئینگلیز سەیر دەکرا.

لە سەدەی **چواردەهەم** نەخۆشییەکی گەورە باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، ئەویش پەتای تاعوونی ڕەش بوو، لەنێوان ساڵانی (١٣٤٨) و (١٣٥٠) نزیکەی لە سەدا سی خەڵکی ئینگلتەرا بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە گیانی لەدەستدا. ئەمیش چەند ئەنجامێکی هەبوو، یەکێک لەو ئەنجامانە، نەمانی پیاوانی کڵێسا و ئایینی و مامۆستاکان و گۆڕینی شوێنیان بە کەمێ ڕۆشنبیرتر، کە تەنیا دەیانتوانی بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەن. لە ساڵی(١٣٦٢) بۆ یەکەم زمانی ئینگلیزی لە کردنەوەی پەرلەماندا بەکار هات. هەروەها پێگەی خەڵکی ئاسایش گۆڕانی بەسەردا هات، چونکە ژمارەیان کەمتربوو، زیاتر هەستیان بە سەربەخۆیی دەکرد. هەندێکیان توانییان زەوی زیاتر بە کرێ بگرن، هەندێکی تریان داوای زیادکردنی کرێیەکانیان دەکرد. کاتێک خەڵک لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێگەی گرنگتربوو، گرنگی کۆمەڵایەتی زمانی ئینگلیزیش گەشەی سەند.

زمانی ئینگلیزی زۆرتر لە دامودەزگاکانی میری بەکاردەهات، چونکە تا دەهات تێگەیشتن لە زمانی

فەڕەنسی لە کورتی دەدا. لە سەدەی **پازدەهەمدا** لـە مـاڵ و پـەروەردە و دامودەزگاکـانی حکـومی، زمـانی ئینگلیـزی بەتـەواوی شـوێنی زمـانی فـەڕەنسـی گرتـەوە، جگـە لەمـە زمانی ئینگلیزی شوێنی زمانی لاتینیشی گرتەوە، کـە زمـانی پەیوەنـدی نووسـین بـوو، تـاوەکو سـاڵی(١٤٥٠) زۆربـەی نامـەکان بـە زمـانی ئینگلیـزی بـوون، زمـانی ئینگلیـزی لـەو دۆخە ڕزگاری بوو، بەڵام گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات.

## ٥- زمانی ئینگلیزی سەردەمی ناوەڕاست

لـەو چوارسـەد سـاڵەی دوای داگیرکـاری نۆڕمەنـدەکان، زمـانی ئینگلیـزی زیـاتر لـە هـەر سـەردەمێکی تـر گـۆڕانی بەسەردا هات. ئەوەبوو بە هەزاران وشەی فەڕەنسی هاتنە ناو زمانی ئینگلیزی، زۆریش لە وشە کۆنـەکان لـەناوچوون. لـە هـەمان کاتـدا زمـانی ئینگلیـزی سـەدەکانی ناوەڕاسـت لـە ڕووی ڕێزمانــەوە گــۆڕانی بەســەردا هــات، بەشــێوەیەکی سەرەکی فۆڕمێکی ئاسانتری وەرگرت.

یەکێک لەو فۆڕمانەی، کە ڕێزمان بە شێوەیەکی سادەتر تێدا دەرکەوت، نەمانی چەندین جۆری جیاوازی پاشگرەکان بـوو لـە نـاو و ئاوەڵنـاو و جێنـاو، بـۆ نموونـە لـە سـەدەی پازدەهــەم پاشــگری کۆکردنــەوەی نــاو (es-) لــە هــەموو شــوێنێکی ئینگلتــەرا بــەکارهێنرا و قبــووڵکرا، هەرچەنــدە هەنـدێک پاشـگری کۆکردنـەوەی نـاو وەک خـۆی مانـەوە، وەک (en-) بــۆ نموونــە لــە وشــەی (childr6n)، یــان هەنــدێک پاشــگری تــری وەک (-'s,-s')، لــە وشــەی (the boy's book or the boys' books). هـەروەها ئاوەڵنـاو و نـاو، جێنـدەری ڕێزمانییـان نـەما، و ئـامرازی (the) وەک تاکە ئامرازی ناسراوی مایەوە.

گەورەترین گۆڕان بەسەر کاردا هات، ئەو گۆڕانە بوو، کە بەسەر کاری ڕابوردوودا هات، پیتی بزوێنی چەندین کاری تر لە وشەکارییەکانی زمانی ئینگلیزی کۆن بە پاشگری (ed-) گۆڕدران. بۆ نموونە شێوەی ڕابوردووی کاری (climb) بریتی بوو لە (clomb)، کەچی شێوەی ڕابوردووی (climbed) لە سەدەی سێزدەوە بەدیارکەوت. لە سەدەی چواردەوە زۆربەی زۆری ئەو وشانەی لە زمانی فەڕەنسییەوە هاتبوونە ناو زمانی ئینگلیزی، بە زیادکردنی پاشگری (ed-)کرانە ڕابوردوو. هەندێکجاریش گۆڕانەکە پێچەوانە بوویتەوە، بۆ نموونە شێوەی کاری ڕابوردووی وشەی (knowed) گۆڕاوە بۆ (knew)، و شێوەی (teared) گۆڕاوە بۆ (tore). تا ئێستاش نزیکەی (٢٥٠) شێوەی ناڕێکخراو و ناوازەی کاری ڕابوردوو لە زمانی ئینگلیزی بوونی هەیە، بەڵام ئەوانە تەنیا نیوەی ئەو ژمارە دەکەن لە زمانی کۆندا هەن.

کاتێک پاشگرە جۆراوجۆرەکانی سەر ناو لەناوچوون و نەمان، خەڵک پێویستی بەوە بوو وشەکان بخاتە ناو ڕیزبەندییەکی تایبەت و جیاواز، بۆ دەربڕینی واتا. بەناوبانگترین و گشتیترین ڕیزبەندی بریتی بوو لە **(بکەر - کار-بەرکار)**. هەروەها ئامرازی پەیوەندیشیان لەجیاتی

پاشگری ناوەکان بەکاردەهێنا، وەک (in, by, with, from).
بۆ نموونە وشەکانی (dæges, nihtes) لە زمانی ئینگلیزی
ناوەڕاستدا بوون بە وشەی (by day, by night).



**چەند کرێکارێک لە سەدەی چواردەهەم**

ئەگەری ئەو هەموو گۆڕانکارییە ڕێزمانییە لەئارادابوو، چونکە تاڕادەیەکی کەم لە ساڵی (**١٠٦٦**)تاکو کۆتایی سەدەی **دوازدەهەم** بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوو، هەروەها هەموو بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەت و کڵێساکان بە زمانی لاتینی و فەڕەنسی نووسرابوون. بەبێ هیچ بەربەستییەک و سنوورێک لە زمانی نووسین، خەڵک بە ئاسانی توانی شێوازی زمانی ئاخاوتن و قسەکردنیان بگۆڕن.

ئەگەر تا کۆتایی سەدەی **پازدەهەم**، ڕێزمانی ئینگلیزی بەرەو سادەتر و ئاسانتر هەنگاوی نابێت، ئەوا لە ڕووی وشە و فەرهەنگییەوە دەوڵەمەندتربوو. لەنێوان ساڵانی (**١١٠٠**) و(**١٥٠٠**) نزیکەی (**١٠٠٠٠**) وشەی فەڕەنسی هاتنە ناو زمانی ئینگلیزی، سێ لەسەر چواری ئەو وشانە ئێستاش بەکاردێن. وشە فەڕەنسییەکان لە هەموو کایەکانی زمان بەکارهێنران، وەک:

crime, fashion, fruit, gentle, government, literature, medicine, music, palace, river, table, travel .

هەندێکجار وشە فەڕەنسییەکان شوێنی وشە کۆنەکانی زمانی ئینگلیزییان گرتووە، بۆ نموونە وشەی (people)

کە لە فەڕەنسییەکەی (peuple) شوێنی وشەی کۆنی ئینگلیزی (leod) گرتۆتەوە. هەندێکجار وشەی هەردووک زمان شانبەشانی یەکتر ماونەتەوە، بە جیاوازییەکی کەم لە ڕووی واتاوە، بۆ نموونە وشەی (ask)ی زمانی ئینگلیزی لەگەڵ وشەی (demand)ی فەڕەنسی، یان وشەی (wedding)ی ئینگلیزی لەگەڵ وشەی (marriage)ی فەڕەنسی. هەندێکجار وشەی فەڕەنسی، بۆ ژیانی چینێکی بەرزی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە، کەچی وشەی ئینگلیزی بۆ ژیانی چینی خوارەوەی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە. بۆ نموونە بۆ باسکردنی ئاژەڵەکانی ناو کێڵگەکان (cows, sheep, pigs) وشەی کۆنی ئینگلیزی بەکارهێنراون، کەچی بۆ باسکردنی گۆشتی ئاژەڵی سەر خوانی چینێکی بەرز، وشەی فەڕەنسی بەکارهاتوون، وەک (beef, mutton, pork).

هەندێک وشەی نوێی ئینگلیزی ڕاستەوخۆ لە هەندێک وشەی فەڕەنسی دروستکراون. بۆ نموونە پاشگری (-ly, -ful)ی ئینگلیزی خراونەتە سەر وشە فەڕەنسییەکان.



خوانی چینی ئەرستۆکرات

لە هەمان کاتدا چەندین هەزار وشە لە زمانی لاتینییەوە هاتوونەتە ناو زمانی ئینگلیزی، ئەو وشانە لە پەڕتووکە یاساییی و پزیشکی و زانستی و ئەدەبی و مەسیحییەکان هاتوونەتە ناو زمان. ئەو پەڕتووکانە تەنانەت ئەو وشانەشیان باسکردووە، کە نەتوانراوە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی ئینگلیزی، چونکە بە لای هەندێک وەرگێڕەوە دۆزینەوەی هاوواتاکەی لە زمانی ئینگلیزییەوە، کارێک ئەستەمە، بۆیە وەرگێڕەکان وشە لاتینییەکەیان وەرگرتووە و خاسییەتی ئینگلیزییان بۆ زیادکردووە، ئەوانە هەندێک وشەن، کە لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراون:

(admit, history, impossible, necessary, picture)

ئەو هەموو گۆڕانە ڕێزمانی و فەرهەنگییە لە هەمان کات و هەمان شوێن وەکیەک نەبووە. لەبەرئەوەی لە ڕاستیدا زمانی ئینگلیزی زمانێکی فەرمی میری و حکومەت نەبووە، دیالێکتەکانی زمانی ئینگلیزی کۆن بە ئاراستەی جیاواز لەیەکتر گەشەیان کردووە. دیالێکتە سەرەکییەکانی سەردەمی ناوەڕاستی زمانی ئینگلیزی، وەکیەک بوون لەگەڵ دیالێکتەکانی سەردەمی کۆنی زمانی ئینگلیزی، بەڵام وشەی جیاواز و پاشگری جیاواز و خوێندنەوەی جیاوازیان هەبوو. تێگەیشتنی خەڵک لە شوێنە جیاوازەکان،

تەنانەت ئەوانەی لە شوێنی نزیکیش بوون، کارێکی ئەستەم بوو. لەسەر ئەم بابەتە (**ویلیام کاکستۆن**) ئەو کەسەی چاپخانەی هێنایە ناو ئینگلتەرا، بەسەرهاتێکی بەناوبانگ دەگێڕێتەوە: (**دەڵێت جارێکیان لە شاری کێنت کاتێک چەند دەریاوانێک، کە لە لەندەن هاتبوون، لە ڕێگادا داوا لە خێزانی جوتیارێک دەکەن، کە هەندێک (eggys) هێلکەیان بداتێ، ئافرەتەکەش لە زمانیان ناگات، چونکە لە دیالێکتی ئەوان بە هێلکە دەڵێن (eyren). بۆیە ئەو وا دەزانێت، ئەوان بە زمانێکی بیانی قسە دەکەن، پێیان دەڵێت، دەبێت ئێوە بە فەڕەنسی قسە بکەن، منیش ناتوانم بە فەڕەنسی قسە بکەم!**).

لە کاتی نووسیندا، خەڵکە وشە و خوێندنەوەی دیالێکتی خۆیان بەکارهێناوە. بۆ نموونە دەنگی /x/ لە ناوەڕاستی وشە بە (-gh-) لە باشوور نووسراوە ، و (-ch-) لە باکوور نووسراوە. بۆیە وشەی (night) بە /nɪxt/ خوێندراوەتەوە، و بە (night, nicht) نووسراوە. هەندێکجار ڕێنووس لە دیالێکتێکەوە وەرگیراوە، خوێندنەوەش لە دیالێکتێکی تر وەرگیراوە، بۆ نموونە وشەی (busy)، ڕێنووسەکەی لە دیالێکتێکەوە وەرگیراوە، خوێندنەوەکەشی /bɪzi/ لە دیالێکتێکی ترەوە وەرگیراوە.

لە سەدەی **سێزدەوە** زمانی ئینگلیزی لە بەڵگەنامە حکومییەکان و بواری ئەدەبیدا تا دەهات زیاتر بەکاردەهات. بەناوبانگترین نووسەری ئەو سەردەم، **جیۆفری چەوسەر(١٣٤٣-١٤٠٠)** بوو.



**جیۆفری چەوسەر**

**چەوسەر**، کە لە شاری لەندەن دەژیا، هەم شاعیر و هەم بەرپرسێکی حکومی بوو. بە دیالێکتی **ئیست میدلاند** (ئەو دیالێکتەیە لە سێگۆشەی ئۆکسفۆرد و لەندەن و کامبریج قسەی پێدەکرێ) دەینووسی و زۆر وشەی لە زمانی فەڕەنسی بەکاردەهێنا. بەناوبانگترین کاریشی بریتی بوو لە **چیرۆکەکانی کانتربێری** (The Canterbury Tales).



**گەشتیاران لە ڕێگایان بۆ کانتربێری**

لەم چیرۆکەدا باس لە کۆمەڵێک خەڵکی ئاسایی دەکات، کە گەشت بۆ کانتربێری دەکەن، لە ڕێگایان چیرۆک بۆ یەکتر دەگێڕنەوە. چەوسەر بە خۆشی باسی ڕەنگاوڕەنگی کەسایەتی و کارەکتەرە جیاوازەکان دەکات. لەم چیرۆکە چەندین کەسایەتی، وەک ئافرەتێکی حەمامچی، چێشتلێنەر، فەرمانبەرێک یان نووسەرێکی قوتابی لە ئۆکسفۆرد، یاساناس، شوان، پیاوی ئاینیی و گەلێک کەسایەتی تر لەخۆدەگرێت. لەڕێگەی چیرۆکەکانیان و گفتوگۆکانیان باس لە شێوازی ژیان و ئاخاوتن و زمانیان دەکات. بۆ نموونە گاڵتە بەو زمانە فەڕەنسییە دەکات، کە لە ئینگلتەرا قسەی پێدەکرێت:

(And Frensh she spak ful faire and fetisly,
After the scole of Stratford atte Bowe
For Frensh of Paris was to hir unknowe).

واتا **(ئەو ئافرەتەی زۆر بەجوانی بە فەڕەنسی بە شێوەزاریستراتفۆری ئەتباو قسەی دەکرد، چونکە فەڕەنسی پاریس لای ئەو نەناسراو بوو).**

دواتر هەر لەو سەدەدا، داهێنانێک ڕووی لە ئینگلتەرا کرد، کاریگەرییەکی گەورەی خستە سەر زمان. ئەو داهێنانەش بریتی بوو لە ئامێری چاپ، کە **ویلیەم کاکستۆن** لە ساڵی **(١٤٧٦)** هێنایە لەندەن. ئەوەندەی پێنەچوو بە هەزاران دانە پەڕتووک لەچاپدران.



**سەرەتاکانی ئامێری چاپ**




**ویلیەم کاکستۆن**

بەشـێوەیەکی گشـتی، کاکسـتۆن و چاپخانـەکانی تـر دیالێکتی ئیست میدلاندیان بەکاردەهێنا، چونکە لـە شـاری لەندەن قسەی پێدەکرا و لـەلایـەن بەرپرسـە حکومییـەکانیش بـەکاردەهات. چاپخانـەکان بڕیارەکانیـان ڕێـک و ڕێکخـراو نەبوون، چەندین جۆری ڕێنووس بەکاردەهات، ئەم کارەش تـا سـەدەی **هەژدەهـەم** بـەردەوام بـوو. هەرچەنـدە ئـەو جۆراوجۆرییـە کاریگـەری خـۆی کـردە سـەر گەشـەکردنی شـێوازی کۆتـایی ڕێنووسـەکان. هەنـدێک وشـە ئێستاشـی لەگەڵدا بێت، بە هـەمان ئەو شـێوە ڕێنووسـە دەنووسرێن، کـە لـە سـەردەمی کاکسـتۆن خوێندراونەتـەوە. بـۆ نموونـە پیتی (k) لە وشەی (knee)، پیتی(l) لـە وشـەی (would) لە سەردەمی کاکستۆن دەخوێندرانەوە.

لە کۆتایی سەدەی **پازدەهەمدا**، بە هەزاران کەس بە زمانی ئینگلیزی دەیانخوێندەوە. تا وای لێهات لە سەدەی دواتر خەڵکێکی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی دەیانخوێندەوە. تا لەلایەن نووسەری گەورەی ئەدەب و وێژەی ئینگلیزی **ویلیەم شکسپیر** بەکار هات.

## ٦- زمانی ئینگلیزی نوێ دەستی پێکرد

سەدەی **شازدەهەم** لە ئەوروپا پڕاوپڕبوو لە گۆڕانکاری. کلێسای پرۆتێستانتەکان لە گەشەکردندابوو. ئەوروپاییەکان بە کیشوەرەکانی ئەمەریکا و ئاسیا و ئەفەریقیا دەگەڕان و لێیان دەکۆڵییەوە. داهێنان و فێربوون لە هەموو بوارەکاندا پەرەی سەند. لە ئینگلتەرا زمانی ئینگلیزی بەشێوەیەکی بەرفراوان گەشەی کرد، بۆ دەربڕینی ئەو بیر و هزرە نوێیانەی هاتنە ناو زمانەکە.

لە سەرەتای سەدەی **شازدەهەم**، زمانی لاتینی لە هەموو ئەوروپادا زمانی سەرەکی فێربوون بوو، بۆیە لە زمانی ئینگلیزی و هەموو زمانەکانی تر دەوڵەمەندتر بوو. هەرچەندە لەگەڵ پەرەسەندنی پەروەردە و داهێنانی ئامێری چاپ و زیادبوونی حەز و خولیای فێربوون، ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا هات. تا دەهات خەڵک زیاتر پەڕتووکە ڕۆمانی و یۆنانییەکانیان دەخوێندەوە، لە ئینگلتەراش خەڵک دەیویست بە زمانی ئینگلیزی ئەو پەڕتووکانە بخوێنێتەوە. بۆیە ئەو پەڕتووکانە وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئینگلیزی و پەڕتووکی تریش سەبارەت بە فێربوون بە زمانی ئینگلیزی نووسران. بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی بووە هۆی ئەوەی نووسەر بتوانێت پەیامەکەی بە زۆربەی خەڵک بگەیەنێت.

هەرچەندە زمانی ئینگلیزی وەک زمانی فێربوون تا کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم بەتەواوی پەسەند نەکرا. بۆ نموونە **ئیسحاق نیوتن** پەڕتووکی **پرینسیپیای** لە ساڵی **(١٦٨٧)** بە زمانی لاتینی نووسی، بەڵام دوای پازدە ساڵ، پەڕتووکی **ئۆپتیکسی** بە زمانی ئینگلیزی نووسی.



**ئیسحاق نیوتن**

لــە نێــوان ســەدەکــانی **شــازدەهەم** و **حەڤدەهــەم**، نووسـەرەکان لـە ئینگلتـەرا نزیکـەی (٣٠٠٠٠) وشـەیان لـە نزیکەی پەنجا زمانەوە وەرگرت، بۆ باسکردن و دەربڕینی بیرۆکــە و شــتە نوێیــەکان، تــا ئەمڕۆشــی لەگەڵــدا بێــت هەنـدێکیان بـەکاردێن. ئـەم گەشـەکردنـەی وشـە و زاراوە، لەو سەردەمدا گەورەترین گۆڕان بـوو لـە زمـانی ئینگلیـزی. زۆربـەی وشـە نوێیـەکان لـە زمـانی لاتینییـەوە وەرگیـراون، وەک ئەم وشانە:

(desperate, expensive, explain, fact).

دوای زمانی لاتینی، چەند زمانێکی تریش وشـەیان لـێ وەرگیراوە، کە بریتین لە زمـانی فەڕەنسـی، ئیتـاڵی، یۆنـانی، ئیسپانیوپورتوگالی.هەروەها کاتێک گەریدە ئەوروپاییـەکان شـێوەیەکی بـەرفراوانی وەرگـرت، لـە چەنـد زمـانێکی تـری وەک ئـەمریکی و ئـەفریقایی و ئاسـیایی وشــە هاتنــە نــاو زمانی ئینگلیزی. بۆ نموونە وشەی (chocolate, tomato) لــە زمــانی مەکســیکی، وشــەی (banana) لــە زمــانی ئــەفریقای، وشــەی کــۆفی (coffee) لــە زمــانی تــورکی، وشەی (caravan) لە زمانی فارسییەوە وەرگیراون.

هەموو کەسێک لەگەڵ ئەوەدا نەبوو وشە لە زمانی ترەوە وەربگیرێت، بەتایبەتی زمانی لاتینی، چونکە هەندێک

کەس لای وابوو ئەو وشە نامۆیانە تێگەیشتنیان زەحمەتە و پێویستیش نین. زمانی ئینگلیزی توانای دەربڕینی هەموو شتێکی هەیە، بەبێ پەنا بردنە بەر وشەی نوێیانە.

بەڵام وەرگرتنی وشە لە زمانەکانی تر بەردەوام بوو، ئەو وشە نوێیانەی دەهاتنە نێو زمانەوە، تا دەهات نامۆییان لەدەستدەدا. وشەی نوێ لەڕێگەی تریشەوە بۆ زمانی ئینگلیزی زیاد دەکران. خەڵکانێک هەبوون لەگەڵ زمان سەرکێش بوون، واتە کاریان وەک ناو بەکاردەهێنا (laugh, scratch)، یان ناویان وەک کار بەکاردەهێنا، یان لە ناو، ئاوەڵناویان دروستدەکرد (shady from shade). هەروەها وشەی لێکدراویان دروستدەکرد، وەک (chairman). هەندێکجار پاشگریان دەخستە پاڵ، وەک (un-comfortable).

سەردەمی شاژن **ئیلیزابێسی** یەکەم (شاژنی ئینگلتەرا ١٥٥٨-١٦٠٣) بە سەردەمی گەشانەوەی ئەدەب ناسراوە. چەند شاعیرێکی وەک **سپێنسەر** و **سیدنی** دەرکەوتن، و چەند نووسەرێکی بەناوبانگی شانۆ بەدیارکەوتن، لەوانە شکسپیر و جۆنسۆن و مارلۆ.



**شاژن ئیلیزابێسی یەکەم**

**شکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦)** لەڕێگەی نووسینەکانییەوە بە گەورەترین نووسەری شانۆ دادەنرێت. بەهۆی زمانە لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەندەکەیەوە، بەناو ئاڵۆزییەکانی سروشتی مرۆڤ گەڕاوە، و توانیویەتی تێگەیشتنی خۆی دەرببڕێت، بەراورد بە نووسەرەکانی تر، زۆرترین وشەی بەکارهێناوە. داهێنەرێکی گەورەی وشە و دەربڕینەکان بووە. نزیکەی دوو هەزار وشەی دروستکردووە، و ژمارەیەکی زۆری دەربڕینی داهێناوە، کە لە ئێستادا بەشێکن لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، وەک:

1-It's early days: it is too soon to know what will happen.

2-In my mind's eye: in my imagination.

3- Tongue-tied: unable to speak because you are shy.

4- The long and the short of it: all that needs to be said about something.

سەرکەوتن و ناوبانگی سەردەمی ژیانی، واتای ئەوەیە، کە شانۆکانی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر زمانی ئینگلیزی هەبووە.



**ویلیەم شکسپیر**

کاتێک شاژن **ئیلیزابێس** لە ساڵی **(١٦٠٣)** کۆچی دوای کرد، هیچ منداڵێکی نەبوو، بۆیە ئامۆزاکەی **جەیمسی پێنجەمی سکۆتلەندا** بوو بە پاشا جەیمسی یەکەمی ئینگلتەرا و ویڵز وسکۆتلەندا.



**پاشا جەیمسی یەکەم**

سـالّی(١٦٠٤) پاشـا **جـەیمس** بڕیاریـدا پـەڕتووکی پیـرۆز (**ئینجیل**) وەربگێڕدرێتە سەر زمـانی ئینگلیـزی. ئینجیلەکـەی پاشا **جەیمس** لە سالّی (١٦١١) تـەواوبوو، هەرچەنـدە ئەمـە یەکـەم وەرگێڕانـی ئینجیـل نـەبوو بۆسـەر زمـانی ئینگلیـزی، بەلاّم ئینجیلەکەی پاشا جەیمس بەشێوەیەکی بەرفراوان لـە هـەموو کلّێسـاکانی ئینگلتـەرا و سـکۆتلەندا و ویێلـز تـا سـێ سـەد سـالّی دواتـر بـەکارهات. ئینجیلـەکی پاشـا جـەیمس کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر زمانی ئینگلیزی.


THE HOLY BIBLE, CONTEINING THE OLD TESTAMENT and the NEVV, Newly Translated out of the Originall Tongues: and with the former Translations diligently compared and revised, By his Maiesties speciall commandement. Appointed to be read in Churches.

IMPRINTED AT LONDON BY ROBERT BARKER, Printer to the Kings most Excellent Maiestie. ANNO 1613.

Cum Priuilegio.

TO THE MOST HIGH AND MIGHTIE PRINCE, IAMES BY THE GRACE OF GOD KING OF GREAT BRITAINE, France and Ireland, Defender of the Faith, &c.

THE TRANSLATORS OF THE BIBLE, wish Grace, Mercie, and Peace, through IESVS CHRIST Our LORD.

GREAT and manifold were the blessings (most dread Soueraigne) which Almightie GOD, the Father of all Mercies, bestowed vpon vs the people of ENGLAND, when first he sent your Maiesties Royall person to rule and raigne ouer vs. For whereas it was the expectation of many, who wished not well vnto our SION, that vpon the setting of that bright Occidentall Starre Queene ELIZABETH of most happie memorie, some thicke and palpable cloudes of darkenesse would so haue ouershadowed this Land, that men should haue beene in doubt which way they were to walke, and that it should hardly be knowen, who was to direct the vnsetled State: the appearance of your MAIESTY, as of the Sunne in his strength, instantly dispelled those supposed and surmised mists, and gaue vnto all that were well affected, exceeding cause of comfort, especially when we beheld the gouernement established in your HIGHNESSE, and your hopefull Seed, by an vndoubted Title, and this also accompanied with Peace and tranquillitie, at home and abroad.

But amongst all our Ioyes, there was no one that more filled our hearts, then the blessed continuance of the Preaching of GODS sacred Word amongst vs, which is that inestimable treasure, which excelleth all the riches of the earth, because the fruite thereof extendeth it selfe, not onely to the time spent in this transitory world, but directeth and disposeth men vnto that Eternall happinesse which is aboue in Heauen.

A 2 Then

**لاپەڕەیەک لە پەڕتووکی پیرۆز(ئینجیل)ی پاشا جەیمس**

ئەم وەرگێڕانەی زمانی ئینگلیزی، وشەی نوێی وەک شکسپیر دانەهێنا. لەجیاتی ئەوە وشە کۆنە بەسەرچووەکانیان بەکارهێنا، وشەی جۆراوجۆریان بەکارنەدەهێنا، تەنیا (٨٠٠٠) وشەی جیاواز بە بەراورد لەگەڵ ئەو (٢٠٠٠٠) وشەیەی شکسپیر دروستیکرد. ئامانجیان ئەوەبوو زمان دەنگێکی شاعیرانە و مۆسیقایانەی هەبێت، کاتێک بە دەنگێکی بەرز دەیانخوێندەوە، بەگشتی سەرکەوتنیان بەدەستهێنا. لە ماڵ و کڵێساکان دەخوێندرایەوە، لە قوتابخانەکانیش بە قوتابییان دەوترایەوە. زمانەکەی بووە بەشێک لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی زمانی ئینگلیزی، وەک ئەم وشە و دەربڕینانە:

1-The apple of somebody's eye: a person who is loved very much by somebody.

2-By the skin of your teeth: you only just manage to do something.

3-The salt of the earth: a very honest person.

4-The straight and narrow: an honest way of living.

شیعرەکانی کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر نووسەری سەدەکانی دواتر.

هەروەها وەرگرتنی وشەی نویَ لە ڕووی تردا، پەرەی بە زمانی ئینگلیزیدا. خەڵک وشەی (do)ی لەگەڵ کاری سەرەکی بەکارهێنا. بۆ نموونە خەڵک دەیتوانی هەم (I know not) و هەم (I do not know ) بەکاربێنێت. و خەڵک دەیتوانی هەردوو شێوازی (I know) و (I do know) بەکاربێنێت، یان هەردوو شێوازی پرسیاری (know you?) یان (do you know?) بەکاربێنێت. لە سەدەی حەڤدەهەم وشەی (do) زیاتر لەگەڵ کاری سەرەکی لە شێوازی پرسیاری و نەرێدا بەکارهێنا، چیتر لەگەڵ ڕستەی ئەریَ بەکاریان نەدەهێنا. لابردنی پاشگری (th-) لە کەسی سێیەمی تاکی دەمی ڕانەبردووی سادە، و لەجیاتی ئەوە پێدانی پاشگری (s-)، گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لەسەر کار لە ساڵی (١٧٠٠)، بۆ نموونە وشەی (loveth) ئێستا بە شێوەی (loves) دەنووسرێت.

جێناوەکانیش تاڕادەیەک گۆڕانیان بەسەردا هات. لە ساڵی(١٥٠٠) وشەی (ye)، شانبەشانی جێناوی (you) بەکاردەهات، بەڵام لە ساڵی(١٧٠٠) لابردرا و نەما. جێناوی

خاوەنداری(its) شوێنی جێناوی خاوەنداری (his)ی گرتەوە، بۆ بەکارهێنانی خاوەندارییەتی شت یان ناوی بێلایەن، وەک:

The chair's leg was now its leg not his leg.

گۆڕانەکانی چۆنیەتی خوێندنەوە و دەنگیش بەردەوام بوون. لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەهەمەوە بزوێنە درێژەکانی (/a:/, /i:/, /u:/) گۆڕانیان بەسەردا هات. بۆ نموونە لە سەردەمی چەوسەرەوە، خوێندنەوەی وشەی (life, lyf) لە (/li:f/)ەوە گۆڕا بۆ (/leif/)، پاشان لە سەدەی هەژدەهەم بۆ (/laif/). گۆڕانکاری هاوشێوەش لە خوێندنەوەی وشەی (house) ڕوویدا، لەپێشدا بە (/hu:s/) لە سەردەمی چەوسەر دەخوێندرایەوە، پاش چەند گۆڕانکارییەک، لە کۆتاییدا لە سەردەمی نوێدا بە (/haus/) خوێندرایەوە.

هەندێک دەنگ لە هەندێک وشە لەناوچوون: بۆ نموونە دەنگی (/k/,/w/) لە سەرەتای وشە لەناوچوون، لە وشەی (knee, write). هەروەها خوێندنەوەی دەنگی (/t/) لە وشەی (castle) یان (/l/) لە وشەی (would) لەناوچوون و ناخوێندرێنەوە، بەڵام ڕێنووسی ئەو وشانە

گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، بۆیە ڕێنووسی وشەکان بەپێی خوێندنەوەیان نییە.

بەرەوپێشچوونی گەورە لە وشە و ئەدەبدا، لە سەردەمی ئاشتی و سەقامگیری سیاسی لە ئینگلتەرا ڕوویدا. هەرچەندە لە ناوەڕاستی سەدەی **حەڤدەهەمدا** ئەم ئاشتییە زۆری نەخایەند و تێکچوو، گۆڕانەکانی دوای ئەو ڕووداوەش هەندێک کاریگەری سەرنجڕاکێشی کردە سەر زمان.



**شاری لەندەن لە ساڵی ١٦٠٠**

### ٧- یەکخستنەوەی زمانی ئینگلیزی

**پاشا چارلسی یەکەم**، کە کوڕی **پاشا جەیمسی یەکەم** بوو، لەنێو خەڵکدا پاشایەکی خۆشەویست نەبوو، لە ساڵی **(١٦٤٢)** شەڕی ناوخۆ لەنێوان لایەنگیران و نەیارانی بەرپابوو. **پاشا چارلسی یەکەم** لە ساڵی**(١٦٤٩)** کوژرا، ئینگلتەرا و وێڵز و سکۆتلەندا تاکو ساڵی**(١٦٦٠)** بێ پاشا مانەوە، کاتێک کوڕی پاشا **چارلسی یەکەم (چارلسی دووەم)** گەڕایەوە و هاتە سەرتەختی پاشایەتی. پاشا **چارلسی دووەم** لە ساڵی**(١٦٨٥)** کۆچی دوایی کرد، برایەکەی **جەیمسی دووەم**، بوو بە پاشا، بەڵام پاشا **جەیمسی دووەم** خەڵک خۆشی نەدەویست، لە ساڵی **(١٦٨٨)**ئینگلتەرای بەجێهێشت، کچەکەی **ماری** و هاوسەری کچەکەی **ویلیەم ئۆڤ ئۆرینج** شوێنیان گرتەوە.

ئەو ڕووداوە سیاسییانە وای لە خەڵکەکە کرد، ڕقیان لە گۆڕانکاری بێتەوە و، زیاتر پەرۆش بن، بۆ یەکخستنەوە و ڕێکخستنی ژیانیان، هەندێک کەس دەیانویست، زمان یەکخستنی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت. ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی، کە وشەی نوێی هێنا کایەوە، لە نێوان ساڵانی **(١٥٣٠)** و **(١٦٦٠)** (بە خێراترین گۆڕان لە مێژووی زمان دادەنرێت) وای لە خەڵکەکە کرد، دڵنیا نەبن و نارەحەتبن.

تۆ بڵێی چی بەسەر زماندا دێت؟ کەواتە ئەگەر ئەو هەموو وشە بیانییە و نوێیە بە بەردەوامی بێنە ناو زمان ، ئایا بە زمانی ئینگلیزی دەمێنێتەوە؟



**لەسێدارەدانی پاشا چارلسی یەکەم**

لـە سـاڵی **(١٦٣٥)** ئـەکادیمیای فەڕەنسـی دامـەزرا، بـۆ کـۆنترۆڵکردنی گۆڕانکارییـەکانی زمـانی فەڕەنسـی. هەنـدێک کـەس لـە ئینگلتـەرا دەیانویسـت ڕێکخراوێکـی هاوشـێوە دابمەزرێنن، بۆ کۆنترۆڵکردنی گۆڕانەکانی زمـانی ئینگلیـزی. یـەکێک لـەو کەسـایەتییانەش، **جۆناسـان سـویفت** بـوو، کـە دەیویست زمان جێگیر بکات، ئەویش لەڕێگەی دانانی چەند یاسـایەکی ڕێزمـانی و ڕێگریکردنـی هەنـدێک وشـە و ڕاسـتکردنەوەی هەنـدێکی تـر و دانـانی سیسـتەمێکی ڕێنووس.



**جۆناسان سویفت**

ئەم بیرۆکەیە هەرگیز سەری نەگرت، چونکە هەندێک کەس باوەڕیان وابوو، ناتوانن خۆیان لە گۆڕانەکانی زمان بەدووربگرن، بەڵام ئەمە بووە هۆی ئەوەی هەندێک خەڵک بەکارهێنانی یەک ڕێنووس و یەک ڕێزمان بە پێویست بزانن. لە ئەنجامدا چەندین پەڕتووک و نامیلکەی تایبەت بە فەرهەنگ و ڕێنووس و ڕێزمان هاتنە کایەوە.

هەرچەندە چاپخانە هەندێک یەکخستنی لە ڕووی ڕێنووسەوە هێنائاراوە، بەڵام لە سەدەی **شازدەهەم** ڕێنووس بە شێوەیەکی جۆراوجۆر مایەوە، هەتا لە ڕووی ناوە کەسییەکانیشەوە. بۆ نموونە شەش شێوەی ڕێنووس بۆ ناوی شکسپیر لە ئارادایە، هەرجارەو بە شێوەیەکیش ناوی خۆی نووسیوە. خەڵک بە حەز و ئارەزووی خۆی شێوازی ڕێنووسی خۆیان دەنووسی، کە بە شێوازی خۆیان دەخوێندرانەوە. شێوەی ڕێنووسی جۆراوجۆر هاتە کایەوە، بۆ ئەوەی بزانرێت وشەکان لە لاتینییەوە هاتوون. بۆ نموونە پیتی (c) بۆ وشەی (scissors) زیادکراوە، تاکو هەمان شێوە ڕێنووسی لاتینییەکەی (cisorium) وەربگرێت. لە کۆتاییدا ئەم ئازادییەی ڕێنووس بووە هۆی شلەژان و سەرلێشێواندن.

لە سەدەی **حەڤدەهەم**، دەرکەوتنی یەکەمین فەرهەنگەکانی زمان، بەهێواشی ڕێنووسی زیاتر یەکخستەوە. لە سەدەی **هەژدەهەم** شێوازەکانی ڕێنووس، کە لەو فەرهەنگانە جیاواز بوون، بە شێوەیەکی ناڕاست و ناپەروەردەییانەوە تەماشا دەکران. تاوەکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، خەڵکێکی زۆر حەز ناکەن هەڵەی ڕێنووس ئەنجام بدەن، هەر بۆیە سیستەمی ڕاستکردنەوەی ڕێنووس لە کۆمپیوتەر بەکاردێنن.

فەرهەنگەکانی سەدەی **حەڤدەهەم**، **فەرهەنگی لاتینی - ئینگلیزی** بوون. یەکەم فەرهەنگی ئینگلیزی - ئینگلیزی لە ساڵی (١٦٠٤) کۆکراوەی نزیکەی **سێ هەزار** وشە بوو. فەرهەنگی هاوشێوەش بەدەرکەوتن، لە سەدەی **هەژدەهەم** فەرهەنگنووسان زیاتر وشە و دەستەواژەی ڕۆژانەیان خستە ناو فەرهەنگەکان.

لە ساڵی(١٧٥٥) **سامیۆل جۆنسۆن**، فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی بەرهەم هێنا ( A Dictionary of the English Language)، کە سەرکەوتنێکی هەنووکەی بوو. لەم فەرهەنگەدا، هەڵبژاردنی وشەکان لەلایەن جۆنسۆنەوە بەرفراوان بوون، باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکانی دەکرد لەڕێگەی خستنەڕووی نموونەی ئەدەبی.



سامیۆل جۆنسۆن له کاردا

ئەم فەرهەنگە تەواو و کامل نەبوو، چونکە هەندێکجار ڕوونکردنەوەکانی جۆنسۆن لە خودی وشەکان زەحمەتر بوون، هەندێکیان تایبەت بوون بە بۆچوونی کەسی خۆی، هەندێک وشە لە فەرهەنگەکەدا بوونی نەبوو، چونکە ئەو حەزی بەو وشانە نەدەکرد، هەروەها نموونەی بەرچاو بۆ هەموو وشەکان لە فەرهەنگەکەدا نەبوو. هەرچەندە وەک بەناوبانگترین فەرهەنگ لەمێژووی‌بەریتانیا بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەک مایەوە. ڕێبەری وشە و ڕێنووس لە فەرهەنگەکانەوە دەردەچوون، ڕێبەری ڕێزمانیش لەچەند سەرچاوەیەکی ڕێزمانی دەردەچوو. ئەو پەڕتووکە ڕێزمانیانە سەرەتا لە سەدەی **حەڤدەهەم** بەرهەم هێنران، دواتر ژمارەیەکی زۆریان لە سەدەی **هەژدەهەم** هاتنە بەرهەمهێنان. زۆربەی پەڕتووکەکان باسی چۆنیەتی نووسین و قسەکردنیان دەکرد، بە هەمان شێوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان و بەشێوەیەکی ڕەوان. ئەو پەڕتووکانە ڕەواجیان لەسەر بوو، بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهاتن، چونکە خەڵک دەیوست بە ڕۆشنبیری ببینرێت و لە کۆمەڵگەدا پەسند بێت.


DICTIONARY
ENGLISH LANGUAGE
The WORDS ... ORIGINALS,
EXAMPLES ... WRITERS.
A HISTORY of the LANGUAGE,
AN ENGLISH GRAMMAR.
VOL. I.

**لاپەڕەی یەکەمی فەرهەنگی جۆنسۆن**

نووسینی ئەو پەڕتووکە ڕێزمانیانە، ڕەچاوی ڕێزمانی زمانی کەسی ئاسایی کردبوو. بەشێوەیەکی هەڵە سەیری دیالێکتە هەرێمییەکانی دەکرد، بەتایبەتی سکۆتییەکان. ئەو پەڕتووکانە بۆ ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی پشتیان بە ڕێزمانی لاتینی دەبەست. بۆ نموونە شارەزایانی ڕێزمانی ئەو

سەردەم باوەڕیان وابوو، نابێت ڕستە کۆتایی بە ئامرازی پەیوەندی بێت، چونکە لە ڕێزمانی لاتینی ڕستە بەم شێوەیە نییە. واتە ئەو ڕستەیان لا پەسند بوو:

I like the town in which I live.

بەڵام ئەم ڕستەیان لا پەسند نەبوو:

I like the town which I live in.

هەرچەندە هەندێک خەڵک باوەڕیان وابوو، تەنیا یەک ڕێزمانی ڕاست و ڕەوان هەیە، کەچی خەڵکانێکیش هەبوون، باوەڕیان وابوو، هەموو شێوەزارەکانی زمان ڕاستن. هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، هەندێک لە شارەزایان زۆر بە جیاوازی ڕێزمان دەنووسن، باسی چۆنیەتی ڕاستی بەکارهێنانی ئینگلیزی دەکات، لەجیاتی ئەوەی باسی چۆنیەتی نووسین و قسەکردن بکەن.

## ٨- زمانی ئینگلیزی نوێ

ئەگەر ئاخێوەرانی زمان لە ساڵی(١٨٠٠) بتوانن قسە لەگەڵ ئاخێوەرانی زمان لە ساڵی(٢٠٠٠) بکەن، ئەوا تووشی هەندێک ئاستەنگی و جیاوازی دەبن لە ڕێزمان و دەربڕین و خوێندنەوە و دەنگ، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر نا. گەورەترین ئاستەنگ بۆ ئاخێوەرانی سەدەی **نۆزدەهەم** بریتی دەبێت لە تێنەگەیشتنیان لەو ژمارە زۆرەی وشە نوێیەکان.

داهێنان و دۆزینەوەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست لەم **دووسەد** ساڵەی ڕابوردوو، بووە هۆی هێنانەکایەی وشەی نوێ بۆ ئامێر و بابەت و ڕووەک و ئاژەڵ و ئەستێرە و نەخۆشی و داودەرمان. بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی خێرا بە ڕووی جیهاندا، بووە هۆی دروستبوونی هەزاران وشەی نوێ. نزیکەی (١٠٠٠٠٠) وشەی نوێ هاتە ناو زمانی ئینگلیزی لەو **سەد** ساڵەی ڕابوردوو، کە ئەمەش زۆر لە پێشوو زیاتربوو.

ئەمانەی خوارەوە هەندێک نموونەی وشەی نوێن، لەگەڵ ئەو ساڵەی کە تێیدا بۆ یەکەم جار دەرکەوتوون، زۆربەی وشە نوێیەکان (دوو لەسەر سێ) لەڕێگەی بەستنەوەی دوو وشەی کۆن دروستکراون، وەک:

(fingerprint:1859),(airport:1919),(street-wise:1965) .

ئەو پێشوەچوونەی بەم دوایانەی بواری کۆمپیوتەر، چەندین وشەی نوێی لەم بوارەی دروستکرد:

(online:1950), (user-friendly:1977),(download:1980).

هەندێک وشەی نوێ لەڕێگەی زمانی لاتینی و یۆنانی دروست بووینە:

(photograph:1839), (helicopter:1872 ) ,(aeroplane: 1874), (video: 1958) .

هەندێکی تر لە وشە نوێیەکان، وشە کۆنەکان واتای نوێیان بۆ زیادکراوە. بۆ نموونە وشەی (pilot:1907)، لە سەرەتادا بۆ کەسێک بەکاردەهات، کە ڕێنیشاندەری ڕێگای کەشتییەکان بووە، وشەی (cassette:1960) پێشتر بە واتای سندوقی بچووک دەهات. نزیکەی پێنج لە سەدای وشە نوێیەکان لە زمانی بێگانەوە هاتوون. بۆ نموونە وشەی (disco:1964) لە زمانی فەڕەنسی وەرگیراوە، وشەی پیتزا (Pizza:1935) لە ئیتاڵییەوە وەرگیراوە. چەند وشەیەکیش لە ناوی ئەو شتانە سەرچاوەی گرتووە، کە ڕۆژانە دەکڕدرێن، وەک وشەی (coke:1909)، لە وشەی (Coca-Cola)، وشەی (walkman:1981) لە وشەی (Sony Walkman) هاتوون.

پاشگر و پێشگر خراونەتە پاڵ بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، بۆ نموونە: وشەی (disinformation:1955) زانیاری نادروست، (touchy feely:1972). هەندێکجار هەم پاشگر و هەم پێشگر پێکەوە خراونەتە پاڵ وشە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ، وەک وشەی (unputdownable:1947) واتە ئەو پەڕتووکەی ئەوەندە سەرنج ڕاکێشە، کە ناتوانیت دەستبەرداری بیت. هەندێک وشەی تر کورتکراونەتەوە، وەک: (photo:1860) لە (photograph), (plane:1908) لە (aeroplane), (TV:1948), (telly:1940) لە (television) کورتکراونەتەوە. هەندێک وشە وەک سلانگ دەرکەوتن، بەر لەوەی بچنە نێو زمانی سەرەکی، بۆ نموونە وشەی (boss) سلانگێکی ئەمریکی بوو لە سەدەی حەڤدەهەم، بە واتای (بەڕێوەبەر) دێت(لە بەشی ١١ زیاتر باسی سلانگ کراوە). بەشێک لە وشەکان لەڕێگەی لکاندنی دەنگی دوو وشە دروستبوون، وەک (smog:1905) بۆ باسکردنی ژینگەی شارێک بەکاردێت، ئەم وشەیە لە هەردوو وشەی (smoke, fog) دروستبووە. چەند وشەیەکی کەم نەبێت، لە وشەی ترەوە

دروست نـەکراون، وەک: نـایلۆن (nylon:1938)، (flip-flop:1970) جۆرێکە لە پێڵاو.

ئەگەر سەیری فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد (Oxford English Dictionary) لە سەدەی **نۆزدەهەم** و بیستەم بکەین، بەشێوەیەکی ئاشکرا دیارە، کە وشە تا چ ڕادەیەک گەشەی کردووە. ئەم فەرهەنگە هەر لە ساڵی **(١١٥٠)**ەوە تاکو ئێستا هەموو وشەیەکی زمانی ئینگلیزی تێدایە (تەنانەت ئەوانەی چیتریش بەکارنایەن). ئەم فەرهەنگە هەر وشەیەک بە نموونە دەخاتەڕوو، کە لە سەرەتادا چۆن نووسراوە و چۆن بەدرێژایی چەند سەدەیەک، واتاکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

دۆزینەوەی ئەم هەموو زانیارییە، کارێکی گرانە، هەرچەندە لە سەرەتادا کەس درکی بە فراوانی و گەورەیی ئەو کارە نەدەکرد. **جەیمس موڕای** کەسێکی سکۆتلەندی **(٢٢)** ساڵی بوو، لە ساڵی**(١٨٧٩)** بە بەڕێوەبەری ئەم کارە دامەزرا، ئامانجیان ئەوەبوو لە ماوەی **(١٠)** ساڵ ئەم کارە تەواو بکرێت.




**جەیمس مورڕای لە کاتی کارکردندا**

**جـەیمس مـوڕای** پرۆگرامێکـی خوێندنــەوەی فراوانــی ڕێکخســت: لــەو پرۆگرامــەدا بــە ســەدان خــەڵک چۆنیــەتی بــەکارهێنانی وشــەی بـۆ دەنـارد. پـاش **پێـنج** سـاڵ، بەشـی یەکەمی ئەم فەرهەنگە بەرهـەم هێنـرا، بەڵام تـەنیا پیتـەکانی (A-ANT) لــەخۆگرتبــوو، بۆیــە خــەڵک دەیــانزانی، ئەمــە کارێکـە، زیـاتر لـە **دە** سـاڵ دەخایـەنێت. لەڕاسـتیدا چـل و چوار سـاڵی تـری پێچـوو. بەداخـەوە مـوڕای کـاتێ لـە پیتی (U)دا کـاری دەکـرد، لـە سـاڵی **(١٩١٥)** کـۆچی دوایـی کـرد، نــەیتوانی تــەواوبوونی بەرهەمەکــەی ببینێــت. هەرچەنــدە دەیزانــی یارمەتیــدەرێکی بــاش بــووە، بــۆ دروســتکردنی فەرهــەنگێک، کــە مێژوویێکــی ورد و ڕەوانــی گەشــەکردنی زمــانی ئینگلیــزی پێشــکەش دەکــات. یەکــەم فەرهــەنگی ئۆکســـفۆردی زمـــانی ئینگلیـــزی (Oxford English Dictionary) لە سـاڵی **(١٩٢٨)** بـە **(٤١٤٨٠٠)** وشـە تـەواو بـوو، دە ئەوەنـدەی **فەرهـەنگی جۆنسـۆن** (Johnson's dictionary) بوو لە سـاڵی **(١٧٥٥)**، کـە **(٤١٠٠٠)** وشـەی تێدابوو. گومـان لـەوەدا نییـە، **فەرهـەنگی جۆنسـۆن** هـەموو وشــەیەکی تێــدا نــەبوو، بــەڵام بــەراوردکردنی جێگــای سـەرنجە. دووەم فەرهـەنگی ئۆکسـفۆردی زمـانی ئینگلیـزی (Oxford English Dictionary) لـە سـاڵی **(١٩٨٩)**

بەرهــەمهێنرا، واتــای(٦١٥١٠٠) وشــەی ڕوونکردۆتــەوە. وشــەی زانســتی زیــاتری تێدایــە، وشــەی لــە بــاکووری ئەمـەریکا و ئوسـتڕالیا و نیوزلەنـدا و ئـەفریقای باشـوور و کاریبیــا و هیندســـتان و پاکســـتانی تێدایـــە. هەرچەنـــدە فەرهـــــەنگی ئۆکســـــفۆردی زمـــــانی ئینگلیـــــزی (Oxford English Dictionary) هــــەموو وشـــــەیەکی گوتراو و سلانگ، یان ئەو وشانەی، کە ئینگلیزی بـەریتانی نین، تێیدا نییە. هەندێک خـەڵک باوەڕیان وایە بە ملیۆنان وشەی جیاواز لە ئینگلیزی ئەمڕۆدا هەیە.

سێیەم فەرهەنگی ئۆکسفۆردی زمانی ئینگلیزی (Oxford English Dictionary) ساڵی(٢٠١٠) بەرهەم دەهێنرێت، لەگەڵ یەکەم گۆڕان دوای فەرهەنگی مۆڕای لە ساڵی(١٨٧٩): زوو یان درەنگ نموونەی وشەکان زیاد دەکرێن، لەگەڵ زانیاری زیاتری مێژووی هەر وشەیەک.

بڵاوبوونەوەی وشـەی نوێ لـە سـەدەی **بیستەم** بەهۆی ڕۆژنامـە و ڕادیـۆ و تەلـەفزیۆن و فـیلم و مۆسـیقای پۆپ و ئینتــەرنێت ئاســانتر بــووە. خــەڵکێکی زۆر دەتوانێــت بــەو ڕێگایانــە گەیانـدن بگــات. جگــە لەمــە تەلــەفزیۆن و ڕادیــۆ کاریگەرییان کردۆتە سەر دەنگ و فۆنەتیک و خوێندنەوە.

لە ساڵی (١٩٢٠)ەکان، (BBC) بی بی سی ئەکسێنتێکی تایبەتی بۆ پێشکەشکارانی هەڵبژارد، ئەمە ئەکسێنتێکی چینێکی بەرزی کۆمەڵگەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئینگلتەرا بوو،بە **ڕسیڤد پرۆنانسیەشن**(Received Pronunciation) یان **زمانی ئینگلیزی پاشا** (King's English) ناسرا بوو. بەکارهێنانی ئەم ئەکسێنتە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، بووە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زیاتر گوێبیستی ببن و بە بایەخی کۆمەڵایەتی پەیوەستی بکەن. بەکارهێنانی ئەکسێنت و شێوەزارە هەرێمییەکان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و خوێندن و سیاسەتدا پەسند نەبوو. هەرچەندە لە ساڵانی(١٩٦٠)ەکان جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان درزی تێکەوت و تەشەنەی کرد، ئەکسێنت و شێوەزارە هەرێمییەکان لە هەموو شوێنێک زیاتر پەسند کران. هەروەها کاتێک ژمارەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن زیاتر بوو، پێشکەشکاران ئەکسێنتی جیاوازییان بەکاردەهێنا.

ئەمڕۆ ئەکسێنتی **ڕسیڤد پرۆنانسیەشن**( Received Pronunciation) چیتر ئەو بایەخ و تایبەتمەندییەی نەماوە، خەڵک ئێستا گوێ لە هەموو جۆرە ئەکسێنتێک و شێوەزارێک ڕادەگرێت. خوێندنەوە و وشە و دەستەواژەی جیاواز بەخێرایی بڵاودەبنەوە. هەروەها هەندێک لەو وشانە

لـە زمـانی ئینگلیـزی ئەمریکییـەوە هـاتوون، کـە لـە بەشـی داهاتوو سەیریان دەکەین.




**چاپی یەکەمی فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد**

## ٩- زمانی ئینگلیزی ئەمریکی

**جۆرج برنادشۆ** لە ساڵی (١٩٤٢) دەنووسێت:((**ئینگلتەرا و ئەمەریکا دوو وڵاتی جیاوازن، بەهۆی هەمان زمان لەیەکتر جوداکراونەتەوە**)). ئایا ئەمە بۆ ئەمڕۆ ڕاستە؟ ئایا ئەمریکییەکان بە ئینگلیزییەکی جیاواز لە بەریتانییەکان قسە دەکەن؟ ئەگەر وابێت، بۆ؟ بۆ هەر بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن؟

بۆ وەڵامدانەوەی دواهەمین پرسیار، پێوستە بگەڕێینەوە ساڵی(١٦٠٧) کاتێک کۆمەڵێک لە خەڵکی ئینگلتەرا بە دەریای **ئەتلانتیک** گەشتیان کرد، گەیشتنە ئەو شوێنەی ئەمڕۆ بە **ڤێرجینیا** ناسراوە. کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونەکەیان بە **جەیمس تاون** ناسرابوو، بە ناوی **پاشا جەیمسی یەکەم** ناونرا بوو. ئەوانە یەکەم کۆمەڵی ئینگلیز نەبوون، کە گەشت بۆ ئەمەریکا بکەن، لە سەدەی **شازدەهەم** زۆرجار ماسیگرەکان لە کەناری ڕۆژهەڵات بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە هاوین لەوێندەر دەمانەوە. لە ساڵی(١٥٨٥) و (١٥٨٧) خەڵکانێک ویستویانە لە دوورگەی **ڕۆنۆک** (Roanoke)،کەباکووری کالیفۆڕنیای ئێستایە، نیشتەجێبن. هەروەها ئەوانە یەکەم کۆمەڵە خەڵکی ئەورووپی نەبوون، کە لە ئەمەریکا نیشتەجێ ببن،

ئیسپانییەکان لە ساڵی **(١٥٦٥)**ەوە لە فلۆریدا ژیاون، بەڵام خەڵکی کۆمەڵگەی جێنشینی **جەیمس تاون** ( James Town) تاکە کۆمەڵەی جێنشینی ئینگلیزی بوون، پاش ئەوان کەسانی تریش لە **ڤێرجینیا** نیشتەجێ بوون.




**نەخشەی ڤێرجینیا لە ساڵی ١٦١٢**

پاشـان لـه سـاڵی(١٦٢٠) خـەڵکێکی زۆر لـه ئینگلتـەرا لـه بــاکووری ڤێرجینیــا، کــه بــه **ماساچۆســیتس** ناســراوه، نیشتەجێ بوون. ئەوانە کەسانێک بوون، به کەشتی **مەی فلاوەر** (Mayflower)، بۆ پێکهێنانی ژیانێکی مەسیحییانە هـاتبوون. پاشـان خـەڵکانی تر لـه دوای ئـەوان هـاتن، تـا لـه سـاڵی(١٦٤٠) نزیکـەی(٢٥٠٠٠) ئینگلیـزی لـه ناوچەیـەکی ئەمــەریکادا دەژیــان، ئێســتا بــه ئینگلتــەرای نــوێ نــاوی دەرکردووه.

ئـەوکات کەشـتیوانەکان لـه بـەریتانیـا و وڵاتـانی تـری ئـەوروپا، ئەفریقایـەکانیان بـۆ ئەمـەریکا دەبـرد و لەوێنـدەر وەک بەندە دەیانفرۆشتن. یەکـەم (بیسـت) بەنـدەی ئـەفریقی لە ساڵی(١٦١٩) بۆ ئەمـەریکا نێردران. کەشـتی زەریا زۆر درێژبـوو، بۆیـه دەبوایـه بەنـدەکان بـه بـارودۆخی خـراپ تێپەڕن، زۆربەیان لـه کـاتی گەشـتەکەدا دەمـردن. ئـەم کـارە نامرۆڤانەیە، لە ساڵی (١٨٠٨) کۆتایی پێهات، بەڵام خـەڵک دەیـانتوانی بـبن بـه خـاوەنی بەنـدەکان، تـا کۆتـایی شـەڕی نـاوخۆی ئەمـەریکا لـه سـاڵی(١٨٦٥). تـا ئـەوکات زیـاتر لـه چوار ملیۆن ئەفریقی لە ئەمەریکا دەژیان.

لە سەدەکانی **حەڤدەهەم** و **هەژدەهەم**، خەڵکێکی زۆرتر گەیشتنە ئەمەریکا. جێنشینە ئینگلیزەکان شارۆچکەی نوێی

مەسیحییان لە **پەنسلڤانیا** دروستکرد، دواتر خەڵکی تریش لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا و دوورگەکانی دەریای کاریبی و ئیرلەندای باکوور نیشتەجێ بوون. ئەو خەڵکەی لە باکووری ئیرلەندا هاتبوون، بە سکۆتلەندییە ئێرلەندییەکان ناویان دەرکردبوو، چونکە بنەماڵەکانیان لە سکۆتلەندا بۆ ئێرلەندا کۆچیان کردبوو. لەوساڵەی ئەمریکا سەربەخۆی وەرگرت (١٧٧٦)، یەک لەسەر حەوتی هەر جێنشینێک سکۆتلەندی ئێرلەندی بوون. ئەوان خەڵکی بەهێز و بەجەرگ بوون، توانییان بچنە ناو زەوییەکانی پەنسلڤانیا و ئەپەلاشیا، لە بارودۆخی زۆر سەختدا دەژیان، بۆ دەستبەسەرگرتنی زەوی لەگەڵ هیندییە ئەمریکییەکان دەجەنگان و شەڕیان دەکرد. لە کۆتایی سەدەی **هەژدەهەم**، نزیکەی چوار ملیۆن ئەورووپی لە ئەمەریکا دەژیان.

لە سەدەی **نۆزدەهەم**، ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە ئێرلەندا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و وڵاتانی تری ئەوروپا بۆ ئەمەریکا کۆچیان کرد. زۆربەیان جولەکە بوون، لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا کۆچیان کردبوو. تا ساڵی(١٩٠٠)، حەفتا و پێنج ملیۆن کەس لە ئەمەریکا دەژیان. لە **نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم**، خەڵک لە ئاسیا و وڵاتانی قسەکەر بە زمانی ئیسپانی ڕوویان لە ئەمەریکا کرد. تا

ساڵی(٢٠٠٠)، زیاتر لە (٢٨٠) ملیۆن کەس لە ئەمەریکا دەژیان.



**سەرەتای هاتنی جێنشینەکان بۆ ئەمەریکا**

زمـــانی ئینگلیـــزی ئەمـــەریکی بـــەهۆی ئـــەو خەڵکـــە جۆراوجۆرەوە گەشـەی کرد. یەکـەم نیشتەجێبوانی ئینگلیز وشـەی نوێیـان بـۆ ئـاژەڵ و ڕووەک و باڵنـدە زیـاد کـرد. هەنـدێکجار وشـەی نوێیـان لـە وشـەی تـری ئینگلیـزی دادەتاشـی و دروسـتیان دەکـرد، وەک (backwoods)، واتە دارستانێک خەڵکانێکی کەم تێیدا بژین، (bluegrass) جۆرێکـە لـە گژوگیـا، و (catfish) جۆرێکـە لـە ماسـی. لەڕێگەی بەکارهێنانی وشـەی زمانـە هیندییە ئەمریکییـەکان، ناویـان لـە هـەزارەها شـوێن و ڕووبـار نـا، وەک: **ماساچۆستس، میسیسیپی، پۆتۆماک.** هەندێکجار وشـەیان لـە زمـانی جێنشـینە ئیسپانی و فەڕەنسـی و هۆڵەندییـەکان وەرگرتووە. هەندێک وشە واتای نوێیان بەخشـی و شـوێنی وشـە کۆنـەکانیان گرتـەوە، بۆ نموونـە وشـەی (bill)، واتـە پارچە کاغەزێک، شوێنی وشەی (note)ی گرتەوە.

هەنـدێک وشـە، کـە لـە سـەدەی **حەڤدەهـەم** لـە ئینگلتـەرا بـەکاردەهات، ئێسـتاکەش بـەردەوام لـە زمـانی ئینگلیـزی ئەمـەریکی بـەکاردێت، سـەرەڕای ئـەوەی، کـە ئێسـتا ئـەو مانایـەی لـە زمـانی ئینگلیـزی بـەریتانی نـەماوە، بـۆ نموونـە (fall)، واتای پـایز (autumn) دێت، (mad) واتـای تـوڕە

(angry) و (platter) واتـــــای قـــــاپ (dish) دێـــــت، (gotten) ڕابوردووی (got)ی دەگەیاند.

تـا ئێـستاش خوێندنـەوەی زمـانی ئینگلیـزی ئەمـەریکی مـۆدێرن کاریگـەری یەکـەم کۆمەڵـە جێنشـینەکانی لەسـەر مـاوە. بـۆ نموونـە پیتـی (a)یـان لـە وشـەی (grass) بـە ئـای کـورت دەخوێنـدەوە، چونکـە دەنگـی ئـای درێـژ (/æ/) تـەنیا لـە سـەدەی **هەژدەهــەم** بەدەرکـەوت. ئێسـتا (/a:/) دەنگـی ئـای کـورت (/æ/) بەشـێکە لـە سیسـتەمی دەنـگ و خوێندنـــەوەی زمـــانی ئینگلیـــزی ئەمـــەریکی. هـــەروەها ئەمریکییەکان پیتی (r)یان لە کۆتایی وشـە و پێش نـەبزوێن دەخوێنـدەوە (car, hard)، وەک ئـەوەی یەکـەم کۆمەڵـە جێنشینەکان دەیانخوێندەوە.

هەر کە جێنشینەکان بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشتن، زۆر وشە و دەستەواژەی نوێیان داهێنا، کە ئێستاش بەشێکن لە زمانی ئینگلیزی بەریتانی، بۆ نموونە:

1-To face the music.

واتە پەسندکردنی ئەنجامە ناخۆشەکانی کردەوەکانت.

2-To kick the bucket. (مردن)

3-To keep one's shirt on. (تورەنەبوون)

4-Hot under the collar. (تورە)

هەنـــدێک وشـــە و دەســـتەواژە کاریگـــەریی هێڵـــی شەمەندەفەریان لەسەر ماوە، وەک:

5-To go off the rails. بە نامۆیی هەڵسوکەوتکردن

6-To reach the end of life.

نەتوانین لە ئەنجامدانی کاری تر.

زمـانی ئینگلیـزی ئـەمریکی تـەنیا چەنـد وشـەیەکی کـەمی وەرگرتـووە، لـەو زمانـە جیاوازانـەی لەلایـەن جێنشـینە ئەمریکییـــەکان قســـەی پێـــدەکرا. ئەمـــەش هۆکـــارێکی کۆمەڵایەتییــە. ئەوانــەی تــازە دەهــاتن، واتــە کۆچــەرە نوێیەکان، نیگەران بوون بەوەی ببن بە ئەمـەریکی، خۆیـان و منداڵـەکانیان بـۆ فێربـوونی زمـانی ئینگلیـزی بـەم شـێوەیە هەڵســوکەوتیان دەکــرد. هەرچەنــدە هەنــدێک وشــە و دەستەواژەی نوێ لە زمـانی تـر هاتنـە نـاو زمـانی ئینگلیـزی ئەمـــــەریکی، وەک (check) وەســــــڵی نـــــانخواردن، (kindergarten) داینگە یان باخچـەی منداڵان، لـە زمـانی ئەڵمانییـەوە، (pasta , spaghetti ) لـە زمـانی ئیتـاڵی، (schmuck) کەسـێکی گــەمژە، (shlep) ڕاکێشــان یــان گەشــتێکی درێــژ، کــە لــە زمــانی یەدیشــی جولەکــەکانی

ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا هاتوونەتە ناو زمانی ئینگلیزی ئەمریکی.

لەلایەکی ترەوە ئەفریقییە ئەمریکییەکان پەرەیان بە شێوەزاری خۆیاندا، ئەو شێوەزارەی، کە ئێستا بە ئینگلیزی ئەفریقی ـ ئەمریکی ناسراوە. کاریگەرییان کردە سەر زمانی ئینگلیزی ئەمریکی، بەتایبەتی لە سەدەی **بیستەم** کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە ئەفریقییە ـ ئەمریکییەکان لە باشوورەوە بەرەو باکوور کۆچیان کرد. ئەو وشانەی ئەوان هێنایانە ناو زمانی ئینگلیزی، بریتی بوون لە (jazz)، کە لە بنەڕەتدا لەلایەن مۆسیقارە جازەکان بەکاردەهات، بەڵام ئێستا واتایەکی فراوانی هەیە، بە واتای ستایلێکی تازە و زۆرباش، (hip) بە واتای زۆر مۆدێرن و نوێ دێت، (dude) بە واتای پیاو یان هاوڕێ دێت.

لە سەردەمی سەربەخۆیی لە ساڵی(١٧٧٦) ئەمریکییەکان حەز و خولیای زمانیان گەشەی کرد، ویستیان بە هەموو شێوەیەک زمانی خۆیان لە زمانی ئینگلیزی بەریتانی جیابکەنەوە، شانازی بە وڵات و کلتوری خۆیان بکەن. لێرەدا کەسێک هاتە مەیدان، کە زۆر شانازی بە زمانی ئینگلیزی ئەمریکی دەکرد، ئەویش مامۆستایەک بوو بە ناوی **نوح وێبستەر** (Noah Webster:1758 -1843).

له سالانی(١٧٨٣-١٧٨٥)ڕێزمان و ڕێنووس و خوێندنەوەی بۆ قوتابخانە ئەمریکییەکان نووسی. پەڕتووکی ڕێنووسی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی (The American Spelling Book) نووسی.



**نوح وێبستەر**

ئـەو پەڕتووکـە ڕێنووسـییە بـوو، کـە سـەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، لە سەد ساڵی دواتر زیاتر لـە هەشـت ملیۆن کۆپی لێ فرۆشرا. بەهۆی ئەو پارەیـەی لـە فرۆشـتنی کۆیکردبووەوە، وێبستەر توانی فەرهەنگیش بنووسێت. لـەم کارانەیـدا مەبەسـتی ئـەوەبوو، کـە نیشـانی خـەڵک بـدات، زمانی ئینگلیـزی ئەمـەریکی وەک زمـانی ئینگلیـزی بـەریتانی باشە و هیچی لەو کەمتر نییە، و زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی نابێت کۆی زمانی ئینگلیزی بەریتانی بێت. یەکەم فەرهەنگی لـە سـاڵی(١٨٠٦) نووسـی، پاشـان فەرهـەنگێکی تـری بەناوبانگ،بە ناوی فەرهەنگی ئەمەریکی بۆ زمانی ئینگلیـزی (An American Dictionary of the English Language) لـە سـاڵی(١٨٢٨) نووسـرا. ئـەم فەرهەنگـە لـە فەرهـەنگی جۆنسـۆن گـەورەتر بـوو، چونکـە نزیکـەی(٧٠٠٠٠) وشـەی تێدا شیکرابووەوە، و هەمان بایەخی، کە بە زمانی ئینگلیزی بەریتانی دەدرا، بە زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی دا.




یەکێک لە ڕێبەرە ڕێنووسەکانی نوح وێبستەر

پێش شەست ساڵ، **بێنجامین فرانکلین** زۆر گۆڕانکاری لە ڕێنووسی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی کرد، بڕیارەکانی کاریکردە سەر **وێبستەر**. لە هەردوو فەرهەنگەکەیدا، وێبستەر بڕیاری ڕێنووسی نوێیدا، زۆربەی ڕێنووسەکانی ئێستا،ڕێنووسی پەسەندکراوی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکین، بۆ نموونە (**center, color, traveled**). وێبستەر کاریگەری لەسەر دەنگ و خوێندنەوەی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی هەبووە، ئەو سووربووە لەسەر ئەوەی، کە هەر بەشی وشەیەک پێویستە بەڕوونی بخوێندرێتەوە، بۆ نموونە، وەک: (se-cre-ta-ry) نەک (se-cre-t'ry).

کەواتە لە ئێستادا جیاوازی نێوان زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی لەگەڵ زمانی ئینگلیزی بەریتانی چییە؟ جگە لە جیاوازییەکانی بواری خوێندنەوە و دەربڕین، لە بواری ڕێزمان و ڕێنووسیش چەند جیاوازییەک بەدی دەکرێت، بەڵام جیاوازی سەرەکی لە بواری وشەدایە. لە ئێستادا بە هەزاران وشە بە جیاوازی بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە نهۆمی ژێرەوەی باڵەخانە لە زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی (first flower)ە، کەچی لە زمانی ئینگلیزی بەریتانی (ground floor)ە. لە زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی بە

شۆستە دەڵێن (sidewalk)، کەچی لە زمانی ئینگلیزی بەریتانی (pavement)ی پێدەڵێن.

هەروەها چەندین دەربڕینی جیاواز لە هەردوو شێوەزاردا هەیە. بۆ نموونە ئەو دەربڕینانەی، کە لە زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی بەکاردێن، لە زمانی ئینگلیزی بەریتانی بەکارنایەن:

**1-To drop the ball. (ئەنجامدانی هەڵە)**
**2-To be in the chips. (بەخێرایی دەوڵەمەندبوون)**
**3-To go south. (کەمتر بێ بەهابێت)**

هەندێک کەس لە بەریتانیا دژی کاریگەری زمانی ئینگلیزی ئەمەریکییە، لەسەر زمانی ئینگلیزی بەریتانی، هەرچەندە ئەمە نەبووەتە هۆی وەستاندنی هەزارەها وشەی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی، کە بێنە ناو زمانی ئینگلیزی بەریتانی، بەشێوەیەکی تەواوەتیش پەسند بکرێن، بۆ نموونە: (supermarket:1933), (teenager:1941), (fast food:1951).

هەرچەندە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان هەردوو شێوەزاردا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام بڵاوبوونەوەی تەلەفزیۆن و مۆسیقای پۆپ و فیلم، یارمەتی گەلانی

هەردوولای زەریای ئەتلەنتیکی داوە، بە ئاسانی لە زمانی ئینگلیزی یەکتر بگەن.

## ١٠- هەموو جۆرەکانی زمانی ئینگلیزی

لە سەرتاسەری هەموو جیهان، گەلان زمانی ئینگلیزی وەک زمانی یەکەم، یان زمانی دووەم بەکاردێنن، لەڕێگەی بەکارهێنانی وشە و ڕێزمان و ئەکسێنت و شێوەزاری جیاواز. شێوەزاری ئینگلیزی ئەو زمانەیە، کە لەلایەن کۆمەڵەیەکی تایبەتەوە قسەی پێدەکرێت. لە هەریەک لەو وڵاتانەی بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، شێوەزارێک لە ڕووی نەتەوایەتییەوە بۆ مەبەستە فەرمییەکان بەکاردێت. ئەمەش بە زمانی ستانداردی ئەو وڵاتە ناسراوە. لە قوتابخانە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا بەکاردێت. هەمان ڕێزمان و ڕێنووس و وشە لەلایەن خەڵکەوە بەکاردێن، هەرچەندە زمانی ستانداردی وڵاتەکە، بە ئەکسێنتی جیاواز قسەی پێدەکرێت. زمانی ستانداردی ئینگلیزی لە وڵاتە جیاوازەکان جیاوازە. بۆ نموونە زمانی ستانداردی ئوسترالی لە زمانی ستانداردی بەریتانی جیاوازە.

لە ئینگلتەرا شان بەشانی زمانی ستانداردی ئینگلیزی بەریتانی، چەندین دیالێکتی کۆمەڵایەتی و هەرێمی بوونی هەیە. دیارترین جیاوازی نێوانیان خوێندنەوەی دەنگە. بەرچاوترین جیاوازی، خوێندنەوەی پیتی (a)یە لە وشەی (grass)، لە باشوور بە ئای درێژ (/gra:s/)، لە باکوور

بە ئای کورت (/græs/) دەخوێندرێتەوە. هەروەها پیتی (u) لە وشەی (up)، لە باشوور بە (/ʌp/)، لە باکوور بە (/up/) دەخوێندرێتەوە. لە هەندێک بەشی باکوور وشەی (happy) بە (/hæpi/) و لە هەندێک بەشی تر بە (/hæpe/) دەخوێندرێتەوە، هەروەها وشەی (night) لە باکووری ڕۆژهەڵات بە (/ni:t/) دەخوێندرێتەوە.




**چەند دیالێکتێکی سەرەکی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی**

یەکێک لە دیالێکتەکان، بە ئینگلیزی ئیستواری (Estuary English) ناسراوە، لە ئێستادا لەناو چینی لاواندا باوە، ئێستا لە زۆربەی باشووری ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئینگلتەرا قسەی پێدەکرێت. لە هەندێک بواردا، هەندێک وشە بە هەمان شێوەی دیالێکتی کۆکنی (Cockney)، ئەو دیالێکتەی لە ڕۆژهەڵاتی لەندەنە، قسەی پێدەکرێت. بۆ نموونە پیتی (t) لە کۆتایی و ناوەڕاستی وشە نامێنێت، بۆیە وشەی (letter) بە (/le?ə/)، و وشەی (what) بە (/wo?/) دەخوێندرێتەوە. ئەم دیالێکتە لەبەر کاریگەری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ناوبانگی دەرکردووە، و وەک دیالێکتێکی نوێ و مۆدێرن سەیر دەکرێت. جگە لەمە جیاوازی ڕێزمانیش لە نێوان دیالێکتەکاندا هەیە. زۆر لە دیالێکتەکانی گوندنشین چەند شێوەیەکی ڕێزمان بەکاردێنن،کە لە زمانی ستانداردی ئینگلیزی بوونی نەماوە، بۆ نموونە (He's a comin) لەجیاتی (He's coming)، (thee, thou) لەجیاتی (you)، (I ain't going) لەجیاتی (I'm not going)، (He ain't come) لەجیاتی (He hasn't come) بەکاردێن.

لە دەرەوەی ئینگلتەرا، لە سکۆتلەندا و وێڵز و ئیرلەندای باکوور و کۆماری ئیرلەندا، چەندین شێوەزاری ئینگلیزی

بوونی هەیە. شێوەزاری سکۆتلەندی زۆر لە ستانداردی ئینگلیزی جیاوازە . جیاوازتر لە هەر شێوەزارێکی تری بەریتانی. جیاوازی زۆر لە وشە و ڕێزمان و ڕێنووس هەیە. هەندێک وشە، کە لە دیالێکتی سکۆتلەندی بەکاردێن، لە دیالێکتەکانی باکوری وڵاتیش بەکاردێن، بۆ نموونە (barin) لەجیاتی (child)، (lass) لەجیاتی (girl) بەکاردێن. بەڵام زۆرترین ژمارەی وشە نزیکەی (٢٠٠٠٠)، تەنیا لە شێوەزاری سکۆتلەندی بوونی هەیە.

جگە لەوەی ئەو دیالێکتەی لە هەرێمی وێلزیش قسەی پێدەکرێت، تایبەتمەندی و خاسیەتی خۆی هەیە. ئەو ئینگلیزیەی وێلز خاوەن ئاوازێکی تایبەتییە، کە هاوشێوەیە لەگەڵ زمانی وێلزەکان، هەندێکجار وشە و دەربڕینەکان لە زمانی وێلز وەرگیراون، یان ڕیزبەندی وشەکان گۆڕدراون، تاکو مانای زیاتر ببەخشێت، بۆ نموونە:

( Happy she was!: She was very happy!).

لە باکووری ئیرلەندا، گەورەترین کاریگەری زمانی ئینگلیزی، کاریگەری سکۆتلەندییەکانە، کاتێک ژمارەیەکی زۆر لە جێنشینە پرۆتیێستانتەکان لە سەدەی **شازدەهەم** لە سکۆتلەندا بەرەو ئیرلەندا کۆچیان کرد. لە کۆماری ئیرلەندا، دیالێکتەکانی ڕۆژئاوای ئینگلتەرا و زمانی گەیلیک

کاریگـەریان هـەبووە. زمـانی **گـەیلیک** (Gaelic) تـاوەکو ئێستاش لە ڕۆژئاوای ئیرلەندا قسەی پێدەکرێت، بە دیاری هەست بە کاریگەرییەکانی لەم بەشەی وڵات دەکرێت. ئەو زمانە ئینگلیزییە ئیرلەندییەی لـە ڕادیـۆ و تەلـەفزیۆن قسـەی پێدەکرێت، لە زمانی ستانداردی ئینگلیزی نزیکترە.

هەنـدێک لـە دیالێکتـەکانی ئینگلیـزی ئیرلـەندی کاریگـەری زمانی گەیلیکیان پێوە دیارە، بۆ نموونە:

(Is it cold you are?) لـەجیـاتی (Are you cold?) بـەکاردێنن. هەنـدیک دیالێکـت پاشـگری (een-) بـە واتـای شتێکی بچووک بەکاردێنن، بـۆ نموونـە (girleen) بـۆ کچـی بچـووک بـەکاردێنن. لـەجیـاتی (He's just done that) ڕسـتەی (He's after doing that) بـەکاردێنن، لـەجیـاتی ڕسـتەی (Shall I shut the door?) ڕسـتەی (Will I shut the door?) بـەکاردێنن. ڕسـتە پرسـەکانیان بـەبێ وەڵامـی بـەڵێ یـان نـــەخێر بـــەکاردێنن، بـــۆ وەڵامدانـــەوەی پرســـیارێکی (Were you born in Dublin?)، وشـەی (Indeed I was) یان (I was not) بەکاردێنن.

لـە سـەدەی **حەڤدەهەمـەوە** شـێوەزارە هەرێمییـەکانی زمـانی ئینگلیـزی بـۆ بـاکووری ئەمـەریکا و کـاریبی و ئوسـتراليا و نیوزلەنـدا و ئـەفریقا و ئاسـیا گوازرانـەوە،

تــاوەکو ئێســتاش کاریگــەرییان لەســەر شــێوەزارەکانی ئینگلیزی لەم وڵاتانە دیارە. بۆ نموونـە لێکچوونێکی زۆر لـە نێوان دیالێکتەکانی زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی و شێوەزاری ئینگلیزی ئیرلەندی، لە ڕووی خوێندنـەوە و ڕێزماندا هەیە. وەک وشــەی (youse)، کــە کــۆی جێنــاوی (you) و وشــەی (anymore)ە، لە ڕستەی ئەرێی (They live here anymore)، هەمان واتای (now)ی هەیە لە ڕستەی (They live here now).

هــەر ســێ دیالێکتــە هەرێمییــە ســەرەکییەکەی زمــانی ئینگلیــزی ئەمــەریکی بــریتین لــە دیــالێکتی بــاکوور (Northern)، ناوەڕاســـــت (Midland)، باشـــــوور (Southern). ئـەو دیالێکتانـەش ڕەنگدانـەوەی ڕۆیشـتنی جێنشینەکانە بۆ ڕۆژئاوا. جێنشینەکان و کۆچەرەکان لە نیـو ئینگلانــداوە (New England) بــە درێژایــی دەریاچــە گـەورەکان (Great Lakes) ڕۆیشـتوون. ئەوانـەی لـە ناوەڕاسـتی کـەناری ڕۆژهـەڵات بـەناو ناوەڕاسـتی وڵات کۆچیانکرد، ئەوانەی لە باشوور بوون بە درێژایی کەنار ڕۆویشــتوون بــەرەو باشــوور. لەبەرئــەوەی دیــالێکتی ناوەڕاســت (Midland) لــە ڕووبــەرێکی فــراوان قســەی پێــدەکرێت، نزیکــەی دوو لەســەر ســێی خــەڵکی قســەی پێدەکەن، ئەو دیالێکتە بەناوبانگترین دیالێکتە لە دەرەوەی

ئەمەریکا، هەندێکجار بە **زمانی ئەمەریکی گشتی** (General American) ناسراوە.

زمانی ئینگلیزی ئەفریقی ـ ئەمریکی بەهۆی سیستەمی کۆیلایەتی، لە نێوان سەدەکانی **حەڤدەهەم** و **نۆزدەهەمدا** لەدایکبوو، کاتێک بە ملیۆنان خەڵک لە ڕۆژئاوای ئەفریقا، وەک کۆیلە، بۆ ئەمەریکا و دوورگەکانی دەریای کاریبی هێنران، تاکو لە کێڵگە گەورەکانی چاندنی شەکر کار بکەن. ئەو بەریتانیایانەی کڕیاری کۆیلە بوون، لەگەڵ کۆیلە ئەفریقییەکان لەسەر ڕووی کەشتییەکان بە زمانێکی ئینگلیزی ئاسانکراو، کە بە **پیجین** (pidgin) ناسراوە، پەیوەندییان دەکرد. کاتێک ئەفریقییەکان دەگەیشتنە ئەمەریکا و دوورگەکانی دەریای کاریبی، بەردەوام بە زمانی پیجین هەم لەگەڵ یەکتر، هەم لەگەڵ خاوەن کۆیلەکان قسەیان دەکرد، چونکە ئەوان بە زمانی ئەفریقی جیاواز قسەیان دەکرد. پاشان کاتێک منداڵ و نەوەکانیان ئەم زمانەیان وەک زمانی یەکەم بەکارهێنا، ئەم زمانە ئینگلیزییە ئاسانکراوە(پیجین)، بۆ شێوە زمانێکی تر گەشەی کرد، کە بە **کرێۆل** (creole) ناسراوە. ئەگەری هەیە زمانی ئینگلیزی ئەفریقی ـ ئەمریکی لە زمانی کرێۆل گەشەی کردبێت. ئێستا زمانی ئینگلیزی ئەفریقی ـ ئەمریکی

چەند جیاوازییەکی ڕێزمانی لەگەڵ زمانی ئەمەریکی ئینگلیزی هەیە، بۆ نموونە ئەفریقییە - ئەمەریکییەکان (she come) لەجیاتی (she's coming)، (you crazy) لەجیاتی (you are crazy)، (he be going to work) لەجیاتی (he is going to work)، (twenty cent) لەجیاتی (twenty cents) بەکاردێنن. زمانە کرێولە فەرەنسی و هۆڵەندی و ئیسپانی و پورتوگالییەکان کاریگەرییەکی بەرچاوی کردۆتە سەر زمانی ئینگلیزی دوورگەکانی دەریای کاریبی (جگە لە کاریگەری زمانەکانی هیندییە ئەمەریکییەکان، یان ئەو زمانە هیندییەی لەلایەن جێنشینە هیندییەکان قسەی پێدەکرێت). ئێستا لە دوورگەکانی کاریبی ژمارەیەکی زۆر لە شێوە زمانی کرێوڵ، شان بە شانی شێوەزارە ناوخۆییەکانی زمانی ستانداردی ئینگلیزی هەیە. ئەم کرێولانە وشەکانیان جیاوازە، بەڵام لە ڕێزمان و دەربڕین لەیەک دەچن. بۆ نموونە وشەی (de) لەجیاتی (the)، (ting) لەجیاتی (thing)، (ax) لەجیاتی (ask) بەکاردێنن.

زمانی ئینگلیزی ئوسترالی لەڕێگەی چەند شێوەزارێکی زمانی ئینگلیزییەوە گەشەی کردووە. بەهۆی زۆربەی زۆری ئەو(١٣٠٠٠٠) گیراوەی، کە لەنێوان ساڵانی(١٧٨٨) و

(١٨٤٠) بۆ ئوستڕالیا نێردران، و لەگەڵ ئەو جێنشینە ئازادانەی، لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئینگلتەرا و سکۆتلەندا و ئیرلەنداوە هاتبوون. بزوێنەکانی زمانی ئینگلیزی ئوستڕالی وەک هەمان بزوێنەکان شێوەزاری کۆکنی وان، بۆ نموونە (today) وەک (to die) دەردەبڕدرێت. هەندێک وشە و دەستەواژە لە بەریتانیا و ئیرلەندا و ئینگلیزی ئەمەریکییەوە وەرگیراون. ناوی هەندێک ڕووەک و ئاژەڵ و شوێن لە زمانە ڕەسەنەکانی ئەوێندەر وەرگیراون. هەندێک وشەی تر داهێنانی ئوستڕالییەکانن، وەک (g'day:hello)، (crook:ill)، (Sheila:girl, woman)، یان هەندێک دەستەواژەی وەک (to be as full as a boot)، واتە (to be very drunk)، (first in, best dressed)، واتە (the first people to do something will have an advantage)، (couldn't lie straight in bed)، واتە (very dishonest).

زمانی ئینگلیزی نیوزلەندی و باشووری ئەفەریقا لە خوێندنەوە و دەربڕیندا لە زمانی ئینگلیزی ئوستڕالی دەچن، چونکە ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزی لە هەمان کاتدا لەو شوێنانە نیشتەجێبووینە. هەرچەندە جیاوازییەکی کەم لە خوێندنەوە و دەربڕین و وشە لە نێوانیان بەدی

دەكرێت. لە زمانی ئینگلیزی نیوزلەندی چەند وشەیەک لە زمانی مۆری بەرچاودەکەوێت، لە زمانی ئینگلیزی ئەفریقیش چەند وشەیەک لە زمانە ئەفریقییەکان بەرچاودەکەون.

چەندین وڵاتی تر، کە لەلایەن بەریتانیاوە لە سەدەی **نۆزدەهەم** و **بیستەم** بەڕێوەبردراون، لەمانە: هیندستان و هۆنگ کۆنگ و سەنگاپورا و نایجیریا و کینیا و پاپوا نیو گینیا. هەروەها چەندین وڵاتی تریش هەن، کە لەلایەن ئەمەریکاوە بەڕێوەبردراون، وەک: فلیپین و پۆرتۆ ڕیکۆ. لە زۆربەی ئەو وڵاتانە زمانی ئینگلیزی زمانی فەرمییە، هەرچەندە زمانی یەکەمی زۆربەی خەڵکەکە نییە. زمانە لۆکاڵییەکانی ئەو شوێنانە کاریان کردۆتە سەر خوێندنەوە و دەربڕین و ڕێزمان و وشە و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی هیندی و نایجیری وشەکان (and, of) لە ڕستەدا، وەک وشەکانی تر بەهێز دەخوێندرێنەوە. لە هیندستان شێوەی بەردەوام لەگەڵ کارەکانی (understand, like) بەکاردێت، وەک لە (I am liking, he is understanding). لە زمانی ئینگلیزی نایجیری وشەی (**sorry**) بە مانای (**بەداخەوەم بۆ تۆ**) دێت، نەک (**ببورە، کە ئازارم دای**).

لە ئێستادا ئەدەب لەو شێوەزارانە پەرەی سەندووە، چونکە نووسەرەکان هەستی بەکارهێنانی شێوەزاری خۆیان لا پەسندە. نووسەری نایجیری **چینوا ئەچیبی** لە سالّی(**١٩٦٤**) دەنووسێت و دەلّێت:((**من هەست بەوە دەکەم، کە بە زمانی ئینگلیزی دەتوانم هەستە ئەفریقییەکانم دەرببڕم، بەڵام بە تۆزێک گۆڕانکاری و ئینگلیزییەکی نوێ، تاوەکو لەگەڵ دەوروبەرە نوێیەکە بگونجێت**)).

## ١١. سلانگ

وشەی سلانگ(slang)، واتای زۆر شت دەگەیەنێت، دەکرێت واتای هەموو ئەو وشە و چەمکانە بێت، کە کۆمەڵەیەکی تایبەت بۆ نیشاندانی ئینتیمایان بۆ کۆمەڵەیەکی تایبەت بەکاری بێنن. ئەم جۆرە زمانە لە دۆخە فەرمییەکان پەسەند نییە، چونکە زۆرجار نەگونجاوە، یان زۆر نوێیە. جگە لەوەی سلانگ هەر وشەیەکی نوێ، یان واتای نوێی وشە کۆنەکان دەگەیەنێت، کە کەسانێک لە گفتوگۆی ڕۆژانە بەکاری دێنن. سلانگ چەمکێکی زیندووی ڕەنگاوڕەنگ و گاڵتەئامێزە. بە هەزارەها وشە و دەستەواژەی سلانگی لە زمانی ئینگلیزی لە سەرتاسەری جیهان بەدیدەکرێن: ئەمانە چەند نموونەیەکن لە سلانگ:

# American Slang

| | |
|---|---|
| *Dude* - guy. | *Sick* - cool. |
| *Ride* - car | *Creeper* - a weird person. |
| *Jacked* - stolen. | *Swag* - style. |
| *Kicks* - shoes. | *Tool* - a stupid person. |
| *Keep it real* - be yourself. | *Bro* - friend. |
| *Money* - high quality. | *Uber* - the ultimate. |
| *My bad* - my mistake. | *Hot* - attractive. |
| *Off the chain* - very cool. | *Boo* - boyfriend or girlfriend. |
| *Props* - proper respect. | *Badass* - ultra-cool person. |

**سلانگی ئەمریکی**

| | |
|---|---|
| awesome | very good |
| Check it out ! | Look at it to find out if it's Ok ! |
| Get real ! | Face faces ! |
| No way ! | Absolutely not ! |

**سلانگی ئوسترالیا**

| | |
|---|---|
| daggy | Untidy |
| Rack off ! | Go away ! |
| ripper | very good |
| sunnies | Sunglasses |

**سلانگی ئیرش**

| | |
|---|---|
| banjiaxed | Broken |
| Cat | no good, awful |
| chiseller | Child |
| Flah | an attractive person |
| langers | Drunk |

**سلانگی باشووری ئەفریقا**

| | |
|---|---|
| howzit | hello, nice to see you |
| Jol | party, a good time |
| lekker | nice, good |
| Oke | man, guy |

**سلانگی جامایکا**

| | |
|---|---|
| big up | celebrate, show respect |
| dawta | a young woman |
| wicked | very good |
| wheels | a car |

سلانگ زۆر بەخێرایی دەگۆڕدرێت، چونکە ئەو خەڵکەی بەکاری دێنێت، لێی بێزاردەبێت، پێویستییان بە داهێنانی وشەی نوێیە، تاوەکو کەسانی تر پێوە سەرقاڵ بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک سلانگ بۆ ماوەیەکی زۆر بەکاردێن، بۆ نموونە وشەی (bum)، بە واتای (bottom) لە وەتەی سەدەی **چواردەهەمەوە** وەک وشەیەکی نابەجێ بەکاردێت. هەندێک سلانگ کە لەلایەن کۆمەڵە کەسێکی تایبەتەوە بەکاردێن، دەبنە بەشێک لە سلانگی گشتی. بۆ

نموونه لە سەدەی بیستەمەوە وشەی (wimp) لە سلانگی هەرزەکارێکی ئەمەریکییەوە گواسترایەوە بۆ سلانگێکی گشتی، بە واتای کەسێکی لاواز (weak person) دێت. هەندێکجار سلانگ دەبێتە بەشێک لە زمانی ستاندارد، بۆ نموونە وشەی (row)، واتە بێزارکردن، سلانگێکی بەریتانی بوو لە سەدەی **هەژدەهەم**، بەڵام ئێستا لە زمانی ستاندارد وشەیەکی پەسندە. هەندێک سلانگی تر هەن، بە تێپەڕبوونی کات، ماناکەیان دەگۆڕدرێت. بۆ نموونە وشەی (previous) لە سالانی(**١٩٠٠**) واتای زوو گەیشتنی دەگەیاند، لە ساڵی(**١٩٢٠**) واتای جلوبەرگی تەسک و توندی دەگەیاند، ئێستا واتای هەڵسوکەوتێکی تۆزێک توند دەگەیەنێت.

سلانگی کێشەدار لەلایەن ئاخێوەرانی شێوەزاری **کۆکنی** لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن گەشەیکردووە، ئەم جۆرە سلانگانە جۆراوجۆر و زیندوون، وەک ئەو کۆمەڵە سلانگەی لەگەڵ وشەیەکی زمانی ستاندارد کێش و ئاوازیان دەگونجێت: سلانگی (garden plant)، واتای (aunt)پلک دێت، سلانگی (plates of meat)، واتای (feet) پێیەکان، سلانگی (bread and honey) واتای (money) پارە دێت. لێرەدا تێگەشتنیان زەحمەتتر دەبێت، ئەگەر کێش و

ئاوازیان لەگەڵ یەک نەگونجێت. بۆ نموونە ئەگەر بڵێین (I need some bread)، واتا (I need some money) **پێویستیم بە هەندێک پارە هەیە.** هەندێکجار سلانگە کێشەدارەکان سەروایان لە ناوی شوێن و کەسی بەناوبانگ دەگونجێت، ئەگەر بڵێین (Britney Spears)، واتا (beers) بیرە. سلانگی کێشەدار لە زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی و ئوسترالیش بەرچاو دەکەوێت.

سلانگ بەشێکی داهێنەری زمانە: وشەی نوێ لەدایک دەبێت و دەمرێت. هەندێک وشە تەنیا لەلایەن کۆمەڵەیەکی بچووکەوە بەکاردێن، هەندێکی تریان دەبن بە بەشێک لە سلانگی نەتەوایەتی و نێودەوڵەتی، بەشێکیان لە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە بەکاردێن. بەم پێیە بێت سلانگ سەرچاوەیەکی گرنگی وشەی نوێیە لە زمانی ستانداردی ئینگلیزی.

**١٢. داهاتووی زمانی ئینگلیزی**

شـاعیری جامـایکی **دیریـک واڵکـۆت** دەڵێـت:((**زمـانی ئینگلیـزی ئێسـتاش کاریگەرییـەکی گـەورەی لەسـەر ئـەو وڵاتانـە هەیـە، کـە بەشـێک بـوون لـە ئیمپڕاتۆریـەتی بەریتانی)).**



**دیریک واڵکۆت**

ڕۆژنامەنووسی بەریتانی **ئەندرۆ مار** دان بەوە دادەنێت، کە زمانی ئینگلیزی تەنیا موڵکی بەریتانییەکان و ئەمەریکییەکان نییە، بەڵکو موڵکی هەموو جیهانە. زمانی ئینگلیزی بەردەوام کار لە ئاخێوەرانی زمانانی تر دەکات، و لەلایەن زمانانی تریشەوە کاری دەکرێتە سەر، بەڵام تۆ بڵێی تا ماوەیەکی زۆر ئەم پێگە بەهێزەی بمێنێت؟

یەکێک لە پێشبینییەکان ئەوەیە، ژمارەی ئەو کەسانەی بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکەن، بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە ـ تا ساڵی (٢٠٥٠) بۆ زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێستای جیهان، هەندێک لەو باوەڕەدان زمانی ئینگلیزی بە زمانی جیهان دەمێنێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەری ئەوە هەیە، ئەمەریکا بە گرنگترین وڵاتی جیهان بمێنێتەوە، بۆیە زمانی ئینگلیزیش وەک زمانی جیهان دەمێنێتەوە. ژمارەی بەکاربەرانی ئینتەرنێت و سەتەلایت، کە لە ئەمەریکا گەشەیکرد، واتای ئەوەیە خەڵکێکی زۆرتر ئینگلیزی بەکاردێنن، پەیوەندی پتەوی نێوان وڵاتان دەبێتە هۆی کاری بازرگانی نێودەوڵەتی زیاتر، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزییەوە دەبێت. هەروەها خوێندنی باڵا و فێرکردنی دوور بەشێوەیەکی فراوانتر بۆ هەموو

قوتابیان لەڕێگەی کۆڕسی زمانی ئینگلیزی لە سەرتاسەری جیهان فەراهەم دەکات.

هەرچەندە کەسانێک بە پێچەوانەوە بیر دەکەنەوە، بە بۆچوونی ئەوان زمانی ئینگلیزی ئەو پێگەیەی ئێستای نامێنێ، چونکە لە کیشوەری ئاسیا، بەتایبەتی وڵاتی چین ئەگەری ئەوهی هەیە لە ئەمەریکا دەوڵەمەندتر بێت، هەتا ئەگەر نەشبێتە زمانی جیهان، ئەوا زمانی ئینگلیزی ئەو پێگەیەی نامێنێت. هەرچەندە زمانی ئینگلیزی زمانێکی سەرەکییە لە ئینتەرنێت بەکاردێت، بەڵام بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە زمانەکانی تر، ژمارەیان زۆر لە بەکارهێنەرانی زمانی ئینگلیزی زیاترە. کار و بازرگانی و ڕێکخراوەکان دەبێت زانیاری و خزمەتگوزاری بە چەندین زمانی تر دابین بکەن. کۆمپانیاکانی سەتەلایتیش پرۆگرامەکانیان بە زمانی لۆکاڵی شانبەشانی‌زمانی ئینگلیزی پێشکەشدەکەن. هەرچەندە کاروباری بازرگانی نێودەوڵەتی لە زیادبووندایە، ئەو کار و بازرگانییانە هەندێکیان لە هەمان شوێندا دەبن، و هەندێکیتریشیان بە زمانی تر دەبن. هەندێک وڵات دژی بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزین، هەوڵدەدەن لە حکومەت و پەروەردە بەکاری نەیەنن. بۆ نموونە لە ساڵی(١٩٩٩) کۆمپانیای مایکرۆسۆفت ڕازی بوو بە دابینکردنی پرۆگرامی

ویندۆز (۹۸) بە زمانی ئایسلەندی، دوای ئەوەی حکومەتی ئایسلەندا دژی بەکارهێنانی ئەو پرۆگرامە بوو بە زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکان.

ئەگەر زمانی ئینگلیزی بە زمانی جیهان بمێنێتەوە، ئەوا چۆن گۆڕانی بەسەردا دێت؟ تۆ بڵێی بۆ چەند زمانێکی جیاواز گەشە نەکات، بە هەمان ئەو شێوەیەی، کە زمانی لاتینی بۆ چەند زمانێکی وەک فەڕەنسی و ئیسپانی و پورتوگالی و ڕۆمانی و ئیتاڵی گەشەیکرد؟ یان تۆ بڵێی ئەو هەموو شێوەزارە نەمێنن، تەنیا یەک جۆر بمێنێتەوە؟

پێدەچێت زمانی ئینگیزی لە جیهان زیاتر بەکاربێت، بۆیە پێویستی وشە و ڕێزمانێکی ستاندارد و ڕێنووس و خوێندنەوە و دەربڕینێکی ستاندارد هەر بمێنێت. ئەگەری ئەوە هەیە جۆرێک لە زمانی ئینگلیزی ستانداردی جیهانی لە هەموو ئەو شێوەزارە هەرێمیانە گەشە بکات ، و ئەگەری ئەوە لەئارادایە زمانی ئینگلیزی ئەمەریکی ببێتە زمانی ئینگلیزی ستانداردی جیهانی.

لەلایەکی ترەوە ئاخێوەرانی شێوەزارە هەرێمییەکانی زمانی ئینگلیزی بەردەوام وشە و چەمک و دەربڕین و ڕێزمانی نوێ دادەهێنن. لەوانەیە شێوەزارەکان زیاتر

لەیەکتر جیاببنەوە و جیاواتر بن لە زمانی ستانداردی ئینگلیزی، هەرچەندە ئەگەر نەبنە زمانی جیاوازیش.

بەشی داهاتوو لە زمانی ستانداردی ئینگلیزی ئەستەمە بەڕوونی ببینرێت، چونکە جیهانی دەوروبەرمان زۆر بەخێرایی دەگۆڕدرێت. ئایا ئەو زمانە ئینگلیزییەی ئێستا، لە سەدەیەکی تر دەناسرێتەوە؟ کێ بەکاریدەهێنێ؟ و چۆن؟ ئەمانە چەند پرسیارێکی سەرنج ڕاکێشن بۆ هەموو بەکارهێنەرانی زمانی ئینگلیزی و لە هەر کوێیەک بن.